# کردەی پێوەندیکردن لای هابرماس

## (توێژینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆجی شیکارییە)

**نادیە عومەر کاکەسوور**[1]

[1]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

(یورگن هابرماس) دەیەوێت لە سەردەمێکدا تیۆریی پێوەندیکردن دابمەزرێنێت، کە تێیدا کۆمەڵگە کەوتوەتە بەر شاڵاوی عەقڵی ئامێرگەرا. بەمانایەکی دیکە، عەقڵی دەسەتەڵاتدار و پاوانخواز لەڕێی بازاڕ، دامودەزگای دەوڵەت و کۆمپانیا بازرگانییەکانەوە دەستی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە داگرتوە. (هابرماس) مەبەستیەتی لەمیانەی تیۆریی پێوەندییەوە، کە تیۆرییەکی کۆمەڵایەتیی ڕەخنەگرانەیە و لەسەر کۆمەڵێک پایەی وەک کۆمەڵایەتی، ئەنترۆپۆلۆجی، زمانناسی، سیاسەت، فەلسەفە، ئەخلاق و هیی دیکە دامەزراوە.

هەوڵی تیۆرییەکە لە پێناوی ئەوەدایە ببێتە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕەخنەگرانە و خەسڵەتی عەقڵانیەتی پێوەندیکردن لەخۆی بگرێت، بگرە بتوانێت پێگەی عەقڵانیەتی ئامێرگەرا تێکبشکێنێت، کە مێژوویەکی درێژی لەناو فیکری خۆرئاوادا بە ڕێکردوە، بەو ئامانجەی خودەکان نەک هەر لە ئاستی یەکتردا بکرێنەوە، بەڵکو لێکتێگەیشتنیش بەرهەمبهێنن، کە مەرجی دامەزراندنی عەقڵانیەتە و هەر ئەوەیشە دەتوانێت پارچە پەرشوبڵاوەکانی کۆمەڵگە پێکببەستێتەوە، بەوەی پێوەندیکردن کردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەرەو دامەزراندنی گونجانی کۆمەڵایەتی ئاراستەیە.

هەر ئەوە لایەنی ئەنترۆپۆلۆجیای تیۆرییەکە دەردەخات، بەوەی مەبەستیەتی پێوەندییە جەوهەرییەکەی نێوان زمان و فیکر بدۆزێتەوە، تا لەوە بگات کاریگەریی زمان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا چۆنە و ئەو بیروکانەی لە ئەنجامی پێوەندیی نێوان تاک و گروپەکانەوە دێنەدی، بە چ شێوەیەک بۆ بەهای کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن و گەشە دەکەن. جەختکردنەوەی (هابرماس) لەسەر ئەنترۆپۆلۆجیای زمان ڕێی بۆ ئەوە خۆشکردوە پێوەندی لەنێوان ڕەوتە فیکرییەکان پێکبێت، تا ئەو عەقڵانیەتەی دێتەکایەوە، خەسڵەتی فرەیی لەخۆی بگرێت.

بەمەبەستی پێشاندانی وێنەیەکی گشتیی تیۆرییەکە، باسەکەمان لەڕێگەی ئەم تەوەرانەوە خستوەتەڕو: چەمکی کردەی پێوەندیکردن لای هابرماس – ڕۆڵی زمان لە کردەی پێوەندیکردندا – عەقڵانیەتی پێوەندیکردن لای هابرماس و ڕەهەندەکانی پێوەندیکردن لای هابرماس.

**کلیە وشەکان:** پێوەندیکردن، زمان، عەقڵانیەت.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

**Received:** 21-February-2022

**Accepted:** 06-April-2022

**Published:** 29-December-2022

**Corresponding Author E-mail:** nadia.kakasur@su.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

بەمەبەستی جێگیرکردنی تیۆرییەکی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵگە، پەنا بۆ کردەی پێوەندی دەبات و هابرماس هەر لێرەوە تیۆریی پێوەندیکردن مۆرکێکی ئەنترۆپۆلۆجییانە و کۆمەڵایەتییانە لەخۆی دەگرێت، کە تێیدا زمان دەبێتە بزوێنەری ئەو بەهایانەی دەتوانن لە پرۆسێسی بەعەقڵکردندا ڕۆڵ ببینن، بۆیە دەکرێت ئەو عەقڵانیەتەی هەوڵی دامەزراندنی دەدات، لەو شێوازانەی دیکەی جودا بکەینەوە، کە پێشتر هەبون. سروشتی تیۆرییەکە وای لێکردوە نەک هەر بایەخی تایبەت بە بواری زمان بدات و بیخاتە ئاستی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵکو بۆ هەمو ئەو کەناڵانەیش بگەڕێتەوە، کە ئەنترۆپۆلۆجیست و زمانناسان لەو بوارەدا پێکیانهێناوە.

تیۆرییەکەی (هابرماس) بە ڕەخنەگری ئەو فەلسەفانە دادەنرێت، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن، گوایە تاک هەر خۆی بە تەنیا دەگاتە عەقڵانیەت. ڕاستییەکەی ئەوە مرۆڤ بۆ تاریکبینی ئاڕاستە دەکات، بۆیە ئەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە عەقڵانیەت تەنیا لە ڕێگەی پێوەندیکردن لەگەڵ ئەوانەی تر و لەڕێی زمانەوە دێتەدی.

بەمەبەستی تێگەیشتن لە تیۆریی پێوەندیکردن، کە (هابرماس) بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی لە پێناوی دامەزراندنیدا تەرخانکردوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە هێڵە گشتی و ئاڕاستە دیارەکانی لە ڕێگەی بەرهەمەکانی و ئەو سەرچاوانەیشەوە دەربخرێن، کە لێکۆڵەرەوان لە بارەیانەوە نوسیوە. بەمانایەکی دیکە، هەوڵمان داوە ئەو چەمکانە بەسەر بکەینەوە، کە پێوەندییان بە تیۆریی پێوەندیکردنەوە هەیە، تا بتوانین ئاست و ڕەهەندەکانی ئەو تیۆرییە دەربخەین. بەم شێوەیە لەپاڵ هەندێک لە بەرهەمەکانی خۆیدا، پەنامان بۆ کۆمەڵێک سەرچاوەی دیکەیش بردوە، کە بە دەوری خۆیان ویستویانە لێیبکۆڵنەوە. بەوەدا چەمکەکە لەسەر کۆمەڵێک ئیشکالیەتی کەلتوری، سۆسیۆلۆجی، زمانەوانی، سایکۆلۆجی، فەلسەفی دامەزراوە، توێژینەوەکە بەپێی توانا ویستویەتی ڕەهەندی هەر یەکێ لەو کەناڵە مەعریفییانە بدۆزێتەوە و لەژێر ڕۆشنایی فیکری (هابرماس)دا لێکیان بداتەوە.

## کێشەی توێژینەوە:

سروشتی فیکری (هابرماس) و قەبارەی تیۆرییەکە وایان کردوە زمان و شێوازی دەربڕین نائاسایی، بگرە ئاڵۆزبن، بەڕادەیەک هەریەک لەو چەمکانە لە ئاستی تێگەیشتنندا بەرگریی سەخت بکەن، کە ئەوە لە لایەک وزەیەکی زۆر لە لێکۆڵەرەوەر دەخوازێت و لەلایەکی دیکە دەیخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورەوە لەوەی چۆن ئەو بیرۆکانە دابڕێژێتەوە، کە لە مەبەستی ئەو دورنەکەونەوە.

## گرنگیی توێژینەوە:

توێژینەوەکە خۆی لە قەرەی یەکێک لە چەمکە گرنگ و هەستیارەکانی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆجیا دەدات، کە فەیلەسوف و کۆمەڵناسێکی وەک (هابرماس) ڕوبەڕوی بوەتەوە. تیۆرییەکە لەئەنجامی خوێندنەوە و توێژینەوەی کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆجیا، کەلتور، زمانەوانی، فەلسەفە، ئابوری، سایکۆلۆجی، مێژو و کۆمەڵێک بواری دیکەوە پێکهاتوە. بوەتە جێگەی مشتومڕی کۆمەڵناس، ئەنترۆپۆلۆجیست، فەیلەسوف و بیرمەندە گەورەکانی گێتی. ئەو


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

چەمکە ڕوبەڕوی دنیایەک دەبێتەوە، کە بە تایبەت لە سەدەی بیستەمەوە بۆ ئەمڕۆ مەڵبەندی کارەساتە گەورەکانە. چەمکەکە لە جەنگی فیکریی مۆدێرنیتی و پۆستمۆدێرنیتییشدا بایەخی گەورەی هەیە.

### ئامانجی توێژینەوە:

دەکرێت ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوخت بکەینەوە:

یەکەم: ئایا عەقڵی پێوەندی دەتوانێت لە کایەی کۆمەڵایەتیدا ڕوبەڕوی عەقڵی ئامێرگەرا ببێتەوە؟

دوەم: ئەو میکانیزمە چییە، کە (هابرماس) لە چەسپاندنی تیۆرییەکەیدا دەیگرێتەبەر؟

سێیەم: ئایا لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ئەوتیۆرییە توانایوەتی پیوەندی نیوان زمان و فیکر دەربخات؟

چوارەم: ئایا عەقڵی پێوەندی دەتوانێت لە کایەی سیاسەتدا ڕۆڵ ببینێت و بەعەقڵانیی بکات، بەو مانایەی سیاسەت لە کەناڵی دەستەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگەوە بکاتە کەناڵێکی کۆمەڵایەتیی فراوان، کە لەڕێی گفتوگۆی عەقڵانییەوە، ڕێککەوتن و تەبایی بەرهەم هێنابن؟

پێنجەم: ئایا تیۆریی پیوەندی دەتوانێت گونجانی کۆمەڵایەتیی بەدیبهێنێت؟

### میتۆدی توێژینەوە:

سروشتی توێژینەوەکە وای خواستوە میتۆدی شیکاری بگیرێتەبەر، بەو مەبەستەی هەم چوارچێوە گشتییەکەی دەربکەوێت و هەم تایبەتمەندییەکانیشی، بەوەی (هابرماس) مانا و ڕەهەندی دیکەی بەو چەمکە، چەمکی پێوەندیکردن داون، بەشێوەیەک ئەو لە هەمو کۆمەڵناس، ئەنترۆپۆلۆجیست، فەیلەسوف و زمانناسانی پێش خۆی جودابکرێتەوە.

## ١- چەمکی کردەی پێوەندیکردن لای هابرماس و ڕۆڵی زمان لە کردەی پێوەندیکردندا

### ١-١. چەمکی کردەی پێوەندیکردن لای هابرماس

(هابرماس) بەمەبەستی بەدیهێنانی گونجانی کۆمەڵایەتی (Social integration)، پەنا بۆ چەمکی پێوەندیکردن دەبات، کە ئەوەیش لەسەر پایەی فەلسەفی و زمانناسی دادەمەزرێنێت. لەپاڵ ئەوانەدا بایەخی گەورە بە بواری کۆمەڵایەتی دەدات. واتە ناکرێت کۆمەڵگەی مۆدێرن و ڕاشناڵ بەبێ بونی دایەلۆگ بێتەکایەوە، بەو مانایەی خودی خۆناس (The knowing self)، یاخود خودی بەئاگا لەو ڕێیەوە پێوەندی بە دەرەوەی خۆیەوە دەکات، کە ڕوبەری فرەوانی کۆمەڵایەتییە و مەڵبەندی ڕوداوەکانە. لەم ڕوەوە پێیوایە بەرژوەندیی پاراستنی خود وا دەخوازێت شێوەیەکی بەرژەوەندیی عەقڵی هەبێت، بەوەی تەنیا لەڕێی عەقڵەوە دێتەکایەوە و ڕاستگۆییەکەی لە ئەنجامە زانستییەکەوە وەردەگرێت، مادام خەڵک دەبێت هەم لەڕێی کار و هەم لەڕێی کارلێک و دەستهەڵگرتن (التفاعل والتنازل) لە پاڵنەرەکانیانەوە ژیانی خۆیان بپارێزن. (هابرماس، ٢٠٠١، ص٣٣٢).

ئەو هەمیشە وا لە عەقڵ دەڕوانێت، کە کارێکی تەواونەبوە، بۆیە ڕوی لە ئاییندەیە و لە دۆخێکدا ناوەستێت، کە هەر ئەوەیشە وا دەخوازێت عەقڵ بە ڕەخنەوە پێوەست بکرێت. ئەمە بەو مانایەیە ڕۆڵی فەلسەفە لە پێکهێنان و گەشەشەکردنی تیۆریی پێوەندی بە گرنگ بزانرێت، کە بە پاڵپشتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت عەقڵانیەت



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

لەخۆی بگرێت و ئەوەیش لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگدەداتەوە. بە مانایەکی دیکە، عەقڵانیەت دەبێتە بەشێک لە زمانی خەڵک و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بەهای عەقڵانی دەردەکەوێت. بەم شێوەیە ئەو چالاکییە عەقڵییە وا دەکات ئاستی ئامێرگەرا تێبپەڕێت و چالاکیی پێوەندیگەرایانەی نێوان خودەکان لە زەمینەیەکی دیموکراتیئامێزانەدا بێتە کایەوە، کە لەو ڕووبەرەدا دەتوانن لەڕوی کردار و گفتارەوە بەشدار ببن. واتە ئەو زمانە بەرهەمهێن و داهێنەرە شوێنی زمانی داخراو و سەرکوتکەر دەگرێتەوە. لێرەیشەوە ڕێ بۆ لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن خۆش دەبێت. ئەو پرۆسەیە لە سنوری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ناوەستێت، بەڵکو تێکڕای کۆمەڵگەکانی دیکەیش دەگرێتەوە. وەک (ئالان تورین-١٩٢٥)ی کۆمەڵناسی فرانسی دەنوسێت: (گیانی ڕۆشنگەری نابێت لە بواری فیکری زانستیدا بەند بکرێت، بەڵکو پێویستە ڕۆبچێتە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. واتە بواری بەها و بنەماکان، تەنانەت ئەو بوارانەی زۆر خودییشن وەک چێژ و بڕیاری جوانناسی. لێرەدا دژوارییەکی لەڕادەبەدەر و ڕیسکێکی گەورە لە عەقڵانیەتدا ئەوەیە، دەیەوێت هەر شتێک تێکبشکێنێت، یان بە چاوی سوک لێیبڕوانێت، کە وەک عەقڵانی دەرناکەوێت، لە هەستی سۆزدارییەوە بیگرە تا ئایین. ئەمە ئەو دژوارییەیە، کە (هابرماس) دەیەوێت تێیبپەڕێنێت. (تورین، ١٩٩٧، ص٤٣٠).

(هابرماس) لە سەرجەم بەرهەمەکانیدا دو جۆر عەقڵ لە یەک جودا دەکاتەوە، عەقڵی ئامێرگەرا ( instrumental reason) و عەقڵی پێوەندی (communicative rationality)، کە یەکەمیان دەستەڵاتخوازانە و سەرکوتکەرە، بەو مانایەی دەیەوێت لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دیسپلین بسەپێنێت، بەڵام دوەمیان، واتە عەقڵی پێوەندی، کە زمان ناوەڕۆکیەتی، لێکتێگەیشتن و کرانەوەیی دێنێتە کایەوە. ئەو عەقڵەی ڕووبەڕوی دەبێتەوە و ڕەخنەی لێدەگرێت، عەقڵێکی مەبەستگەرایە و ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ڕوی لە بەرژەوەندیی پرۆژەی دیاریکراوە، بۆیە عەقڵی پێوەندی دادەمەزرێنێت، کە عەقڵێکی کراوەیە و لەڕێی دایەلۆگەوە تاکی دابڕاو بەو گونجانە کۆمەڵایەتییە دەگەیەنێتەوە. هەر لەبەر ئەوەیشە تیۆرییەکە لەسەر بنەمای ڕەخنە دامەزراوە. دەگەینە ئەوەی بڵێین تیۆریی کردەی پێوەندی لە دژی ئەو ئاراستانەدا دەوەستێتەوە، کە لە چەقبەستنی خود و هۆشیاری بە دەوری عەقڵدا بەرجەستەن. لەو بارەیەوە دەنوسێت: (ئەوەی پەکیکەوتوە، فەلسەفەی هۆشیارییە، کە ڕاستییەکەیشی شتەکە وایە و پێویستە نیشانەکانی ئەو پەککەوتنە ونبن، تا بۆ نمونەی لێکتێگەیشتنی بنیادنەرانە بگوێزرێتەوە). (هابرماس، ١٩٩٥، ص٤٥٤). گرنگترین مەرج لای (هابرماس)، کە پێویستە لە ئەزمونی تیۆریی پێوەندیدا هەبێت، گفتوگۆی نێوان کەسەکانە، بە مەبەستی بەدیهێنانی پێوەندییەکی نەشێواو. (أبوالسعود، ٢٠٠٢، ص٩٤). بەم شێوەیە لای (هابرماس) تیۆریی پێوەندی سەرجەم بابەتەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، تا هەمویان لەژێر دەستەڵاتی عەقڵی ئامێرگەرا دەربهێنرێن، کە پێی وایە مادام زمان بڕبڕەی پشتی ئەو تیۆرییەیە، دەتوانێت ئەو لێکتێگەیشتنەی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە بهێنێتەدی. سەیر نییە، ئەگەر بۆ پتەوکردنی تیۆرییەکەی بۆ تیۆرییەکانی زمان دەگەڕێتەوە. (هابرماس) پێیوایە خەسڵەتی سەرمایەداریی نوێ، ئەوەیە، کە تێیدا دەوڵەت دەست بەسەر ئابوری و بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا دەگرێت. بەم شێوەیە کاروباری کۆمەڵایەتی وا لێیناڕوانرێت



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

بوارە بۆ گفتوگۆ و هەڵبژاردن، بەڵکو بە کێشەی تەکنیکیی دادەنێت، کە لەڕێی ئەو پسپۆڕانەوە چارەسەر دەکرێت، عەقڵانیەتی ئامێرگەرا بەکاردەهێنن. (کریب، ١٩٩٩، ص٣١٤).

کەواتە عەقڵی ئامێرگەرا مەبەستیەتی تاکە ڕەهەندێکی عەقڵ ببینێت و زاڵی بکات، کە لەگەڵ عەقڵانیەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دەگونجێت. واتە بایەخی سەرەکی بەو تەکنیکانە دەدات، کە هەم دەست بەسەر سروشتدا دەگرن و هەم وزەی مرۆڤ دەکوژن. بەم شێوەیە ئەو عەقڵە داخراوە و ڕوی لەخاڵێکی دیاریکراوە. لێرەدا ئارەزوی مرۆڤ لە پێناوی گەشەکردنی ئامێردا بەلاوەدەنرێت، چونکە وا لە مرۆڤ دەڕوانرێت، بەشێکە لە ئامێر، نەوەک لەخۆی. ماددەیە و لە دۆخی چەسپاودایە، بۆیە بەر لە هەمو شتێک تایبەتمەندیی ئەو مرۆڤە دەکوژێت. خەسڵەتەکانی مرۆڤبونی لێدادەماڵێت و وەک شت مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. دەکرێت بگوترێت عەقڵی ئامێرگەرا لەسەر بنەمای خورافە دامەزراوە، بۆیە عەقڵێکی داخراوە و هەمو شتێک لەخۆی دەگرێت. (هابرماس) لەڕێی عەقڵانیەتێکی جیاوازەوە ڕوبەڕوی دەبێتەوە، بەو مانایەی دەیەوێت هەمو ئەو شتانەی ناوی لەسەر بنەمای زانست و بیری کراوەدا لێکبدرێنەوە، تا ئاڕاستەی جیاوازیان لێببێتەوە، کە هەر ئەوەیشە وا دەکات خورافە تێکبشکێت و ڕوانینی تەسکبینانە بۆ ئەو دیاردانە بەلاوەبنرێن. (هابرماس) مەبەستیەتی بەها بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە، کە نەک هەر خودێکی بەرهەمهێنەر و چالاکی مێژوە، بەڵکو خاوەنی توانای پێوەندیکردنە لە ئاستی کۆمەڵایەتییشدا، بۆیە لەو ڕێیەوە نەک هەر پێوەندیی تاکەکان دێتە کایەوە، بەڵکو دەچێتە باری بەردەوامی و گەشەکردنیشەوە. لەبەرئەوەیشە تیۆریی کردەی پێوەندی (پرۆسەسی گواستنەوەیە لە دۆخی تاکەوە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی. (جاکسون واخرون، ٢٠٠٧، ص٨).

ئەوەی ئەو لە فەیلەسوفانی پێش خۆی جودادەکاتەوە، کە لە هەمان بواردا کاریان کردوە و ڕەخنەیان لە عەقڵی ئامێرگەرا گرتوە، جەختکردنەوەیەتی لەسەر چەمکی پێوەندی، بەوەی دەتوانێت شوێنی عەقڵی ئامێرگەرا بگرێتەوە. وەک (د. عەلی عەبود محەمەداوی) دەنوسێت: (ناکرێت ڕاستێتیی کردەی پێوەندی تەنیا لە ڕێی شتە ماددی و سروشتییەکانەوە بێت، بەڵکو پشت بە گفتوگۆی ڕون دەبەستێت، کە زەمینە بۆ هاوڕاییەکی دیاریکراو لە بابەتەکانی پێوەندیدا خۆش بکات). (المحمداوي، ٢٠١٥، ص١٨٣).

### ١-٢. ڕۆڵی زمان لە کردەی پێوەندیکردندا:

(هابرماس) بایەخێکی کۆمەڵایەتییانەی گەورە بە زمان دەدات، چونکە لە ڕێی زمانەوە پێوەندیی نێوان تاکەکان دێتەدی و پێوەستی کۆمەڵایەتی (دمج الاجتماعي) پتەوتر دەبێت، کە مانای وایە زیاتر ڕێککەوتن و تەبایی لە خۆی دەگرێت، بۆیە زمان بە بڕبڕەی پشتی تیۆرییە ڕەخنەییەکەی دادەنێت. لەم ڕووەوە دەڵێت: (پێوەندی، چالاکییەکی ئاڵوگۆڕی و پێوەندارییە، بە شێوەی جیاوازی وەک دەنگ، ئاماژە و وێنە پێکدێت، بەڵام پێوەندیی زمانەوانی بەرزترین شێوەی پێوەندییە). (هابرماس،٢٠١٠، ص٨-٩).

پێویستە لە سەرەتاوە ئەوە بخەینە بەرچاومان، کە تیۆریی پێوەندیی (هابرماس) هاومانای زمانە. ڕاستییەکەی ئەو هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەوانەی پێش خۆی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، پەرەیان بە چەمکی پێوەندی نەداوە و تەنیا فۆکەسیان لەسەر عەقڵانیەتی ئامێرگەرا بوە، وەک ئەوەی لای (ئادۆرنۆ) و (هۆرکهایمێر) بینرا. بەم شێوەیە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

کردەی پێوەندی چارەسەری گونجاوە بۆ بنەبڕکردنی هەمو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان. بەربەستیشە لەبەردەم پەلاماری عەقڵانیەتی ئابوری و بەڕێوەبردن، کە مرۆڤ وا دەبینن تەنیا ڕۆڵی بەکارهێنانی هەیە. دیارە پێوەندیی دروست تەنیا لە ڕێی زمانەوە دەتوانێت ئەرکی خۆی بەجێبهێنێت. (جمال ٢٠١٦-٢٠١٧، ص١٧٧-١٧٨). پێوەندییەکی ئاڵوگۆڕی لەنێوان کایەی ژیان (Lifeworld) و زماندا هەیە، کە هەریەکەیان ئەوەی دیکەیان بەرهەم دێنێت و کار بۆ پەرەپێدانی خودی خۆی دەکات لەڕێی ئەوەی دیکەیانەوە. (جمال،٢٠١٦-٢٠١٧، ص١٧٦). ڕەخنەی لە مارکسیزم لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە کار تاکە شتێک نییە مرۆڤ لە ئاژەڵ جودادەکاتەوە، بەڵکو زمانیشە، یان توانای بەکارهێنانی نیشانەکانە لە پێوەندیکردندا). (کریب،١٩٩٩، ص٣٠٧). ئەگەرچی (هابرماس) کار و عەقڵی ئامێرگەرا بە دو ڕەهەندی گرنگی ژیانی مرۆڤ دەزانێت، بەڵام پێیوایە ئەو کارەی بەشێوەی کۆمەڵایەتییانە ڕێکخراوە بەتەنیا بۆ دیاریکردنی دۆخی مرۆڤ بەس نییە، بەڵکو زمان و گەیاندن دو فاکتەری یەکلاکەرەوەن لە واقیعدا. (کریب، ١٩٩٩، ص٣١٢).

(ئەشرەف حەسەن مەنسور) پێیوایە ئەو وەرچەرخانەی تیۆریی ڕەخنەیی لای (هابرماس) لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆجیای زماندا وایکرد بتوانێت پێوەندییەک لەگەڵ سەرجەم ڕێبازە فەلسەفییە هاوچەرخەکان دابمەزرێنێت و عەقڵانیەتێکی فرەیی بێنێتە کایەوە، کە بتوانێت ئەو پێوەندییە بۆ پێوەندییەکی ڕەخنەگرانە بگۆڕێت، بگرە تیۆریی ڕەخنەیی هەمو ئەو ڕێبازانە وەربگرێت و لێیان تێپەڕێنێت. (ماڵپەڕی post2modernisme.blogspot.com،٢٠١٥).

بەم شێوەیە هابرماس لایەنی ئەنترۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی فەرامۆش ناکات، بەوەی هەردو چەمکی زمان و فیکر بە بڕبڕەی پشتی تیۆرییەکەی دادەنێت، کە لێرەدا ئەو قۆناغە مێژوییەی ئەڵمانیا لەبەرچاو دەگرێت. وەک (ئەندرێ گینگریچ) (Andre Gingrich :١٩٥٢)ی ئەنترۆپۆلۆجیستی نەمساوی پێیوایە لە دوای ڕوداوەکانی (١٩٦٨)دا هەر یەک لە کۆمەڵناسی، مێژو و فەلسەفە بە شێوەی قوڵ خۆیان گۆڕیی، کە لە کۆمەڵناسیدا هابرماس ( لەپاڵ (کارل پۆپەر)دا خۆی خزاندە ناو گفتگۆ لەبارەی پۆزیتیڤیزمەوە... ئەو گۆڕانکارییە پیشکەوتوخوازنە وایان لە کۆمەڵێک ژینگەی فیکری و دامەزراوە کرد بکەونەخۆ، تا لە ڕایەڵی ئەنترۆپۆلۆجی و سۆسیۆکەلتوریدا گۆڕانکاری بکەن. (بارث وآخرون،٢٠١٧، ص٢٢٧-٢٢٨).

خەسڵەتی سەرەکیی فەلسەفەی نوێ بایەخە بە زمان، کە لە کۆمەڵێک بنەما پێکدێت و پێوەندیی نێوان خەڵک دێنێتە کایەوە، بەو مانایەی سیستێمێکی سیمبۆلییە، تاک بە کاریدەهێنێت، تا لەوەی دیکە بگات. وەک (هابرماس) خودنێوەندی(intersubjective) لەناو زماندا دەبینێت، بەوەی کرداری قسەکردن لە شێوازی بەجێهێنان (performative)دا وا لە گوێگر دەکات لە پرۆسەی پێوەندیدا بەشدار و چالاک بێت. (احمد،٢٠١٠- ٢٠١١، ص١٧١). کەواتە زمان ڕێگەیەکی دیکەیە، کە مرۆڤ بە هۆیەوە کۆمەڵگەی خۆی دەگۆڕێت و ئەوە بە دیدەهێنێت، کە (هابرماس) بە بەرژەوەندیی پراکتیکی (المصلحة العملية: practical interest) ناوی دەبات. ئەوەیان زانستی ڕاڤەکاریی لێدەکەوێتەوە. بایەخی بەرژەوەندیی پراکتیکی ڕوی لە کارلێکی مرۆڤییە، بەو مانایەی ڕێگەی لێکدانەوەی کردار و تێگەیشتنمانە لە ئاستی یەکتردا، هەروەها ئەو ڕێگەیەیشە، کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

کۆمەڵایەتییەکاندا پێی کاریگەر دەبین. (کریب، ١٩٩٩، ص٣٠٩). بۆیە پێیوایە بەرژەوەندیی پراکتیکی لە نێوەندی کارلێکدا گەشە دەکات. هەر ئەو بەرژەوەندییە پراکتیکە دەبێتە هۆی ڕزگاری، بەوەی بە زمانەوە پێوەستە و هەر لەو کارلێکەیشدا زانستی ڕەخنەیی دێتەکایەوە، کە ڕاڤەکردنی دەرونییانە ئەنجامی ئەو هۆشیارییەیە، ئێمە لەم نێوەدا بە دەستی دەهێنین. بەم شێوەیە ئەو بڕیارانە دەدەین، کە واقیعین و بەوردی تاوتوێمان کردون. (کریب، ١٩٩٩، ص٣٠٩). واتە لایەنی پراگماتییانەی زمان لەبەرچاودەگرێت، کە توانای هەیە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا داهێنان بکات و کاریگەری جێبهێڵێت. هەر لێرەیشەوە لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن دێنەدی. لەم ڕووەوە ئەنترۆپۆلۆجیستی بریتانی (تۆم بۆتۆمۆر) (١٩٢٠-١٩٩٢) دەڵێت: (بەرژەوەندیی پراکتیکی، کە بریتییە لە لێکتێگەیشتنی پێوەندیدارانەی نێوان تاکەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەچوارچێوەی کۆمەڵگەدا، لەسەر تایبەتمەندێتیی زمان دامەزراوە و گۆڕەپانی زانینی مێژویی ڕاڤەکارانە پێکدەهێنێت). (بوتومور، ٢٠٠٤، ص١٠٦-١٠٧).

لای (هابرماس) تێگەیشتن لەو کارلێکە ناوەکییەی نێوان خودەکان و کارلێکی زمانەوانییانەی دایەلۆگ بایەخی گەورەیان هەیە، کە ئەوانە عەقڵانیەت پێکدەهێنن، بەوەی ئەو تاکانە خاوەنی توانای گفتار و کردارن.(أبو السعود، ٢٠٠٢،ص٨٢). کەواتە عەقڵانیەت شتێکی دورەدەست نییە، بەڵکو لەناو زماندایە، کە ئەو عەقڵانیەتە سیستێمێکی کۆمەڵایەتی و دیمۆکراتی دەخوازێت، هەموان بگرێتەوە و کەس بە لاوەنەنرێت. (کریب، ١٩٩٩، ص٣١٠).

(هابرماس) بۆ ئەوە کار دەکات ئاڕاستەی فیکری فەلسەفی بگۆڕێت، لە فەلسەفەیەکەوە، کە بە دەوری خودا دەخولێتەوە بۆ فەلسەفەیەک، پێوەندیی مرۆڤییانە لەخۆدەگرێت، بگرە دەیەوێت بەنمونەی زانینی شتەکانی بگۆڕێت، کە نمونەی هاوڕێکیی نێوان ئەو خودانەیە، توانای گفتار و کرداریان هەن. ئەوەی پاڵی بە (هابرماس)ەوە ناوە ئەو گۆڕانکارییە زمانەوانییە بکات، بێتوانایی ڕەوتەکانی پێشون لە بەرهەمهێنانی بنەمای پێوەری تیۆریی ڕەخنەیی کۆمەڵگەدا. ئەم ئاڕاستەیە پرۆژەیەکی فەلسەفیی لێدەکەوێتەوە، کە (تیۆریی کردەی پێوەندی)یە. (أبو السعود، ٢٠٠٢،ص٩٣).

ئەو بایەخی گەورە بە زمانی ڕۆژانە دەدات و پێ لەسەر گرنگیی گۆکردنی وشە دادەگرێت، بەو مانایەی زەمینە بۆ لێکتێگەیشتن و تەبایی خۆش دەکات، کە لێرەدا عەقڵانیەت بەرهەمدێت. کاتێ زمان دەچێتە ئاستی کۆمەڵایەتییەوە و هەمو تێیدا بەشدار دەبن، کردەی پێوەندییش دەگاتە ئاستێکی تر. لەم شوێنەوەیە (هابرماس) لە دژی ئەو تێگەیشتنە لوتبەرزانە دەوەستێتەوە، کە زمان لە ئاستی کۆمەڵایەتی دوردەخەنەوە. وەک ڕونە زمانی ڕۆژانە (اللغة المتداولة) خاوەنی بونیادێکە بەشێوەی کردەیی ڕێ بەوە دەدات هەمو ئەوانەی تاکانەن، واتە هی تاکن، لەڕێی گوتەگەلی گشتییەوە و لە پێوەندیی دایەلۆگیانەدا بچنە ئاستی تێگەیشتنەوە. وا لەسەر تێگەیشتینی هێرمۆنتیکانەیش پێویستە لە خزمەتی ئەو بونیادە هاوڕێکەدا بێت، کە بەشێوەی سیستەماتیک (بصورة منهجية) ئەزمونی پێوەندیی ڕۆژانە لەبەرچاوبگرێت لە تێگەیشتنی تاک و ئەوەی دیکەدا. (هابرماس، ٢٠٠١، ص١٩٦). تێگەیشتنی هێرمۆنتیکانە وا دەکات پرۆسەسی پێوەندی بەڕونی بچێتە پێشەوە، کە ئەوەی دەنێردرێت و وەردەگیرێت، بێگەرد بێت و لە خڵتە پاککرابێتەوە. ئەوە پێوەندیی خود و ئەوەی دیکە دەباتە ئاستێکی دیکەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

تێگەیشتنەوە. لەم ڕووەوە دەنوسێت: (بەکارهێنانی زمانی دایەلۆگی هەمیشە تێگەیشتنێکی هێرمۆنتیکانە دەخوازێت). (هابرماس، ٢٠٠١، ص١٩٨).

بەم شێوەیە (هابرماس) پێیوایە کاتێ دەگوترێت بابەتی (ب) ڕاستگۆیە، لەڕوی لۆجیکەوە گوتەیەکی ناپێویستە، چونکە هیچ شتێکمان پێنابەخشێت لەوەی بیسەلمێنێت بابەتی (ب) ڕاستگۆیە. من بانگەشەی ئەوە دەکەم ڕاستگۆیە، بەڵام پێویستی بەسەلماندنی ڕاستگۆییەکە هەیە، بەو مانایەی پێویستە لەڕوی ئاڵوگۆڕ (تداولي)یەوە ڕاستگۆییەکە بسەلمێنرێت، چونکە ئەوە سادەیە و جێگەی گومانە، بەڵکو تەنیا (بانگەشەی ڕاستێتی)یە و پێویستی بە چالاکیی گفتوگۆیە، بۆ ئەوەی گریمان بکەین و دان بەو ڕاستێتیەدا بنێین. ( احمد، ٢٠١٠- ٢٠١١، ص١٧٣).

دەکرێت بگوترێت لێکتێگەیشتن واتە هاوڕێکیی بەشداران لە گەیاندنی ڕاستێتیی گوتراوەکان. ڕێککەوتنیش بریتییە لە دانپێدانانی خودییانە بەو ڕاستێتییەی قسەکەر لەبارەی بابەتەکەوە خستویەتیەڕو. (احمد، ٢٠١٠- ٢٠١١، ص١٨٢).

## ٢- عەقڵانیەتی پێوەندیکردن لای هابرماس:

(هابرماس) لە دراشتنەوەی تیۆرییەکەی خۆیدا، تیۆریی بەعەقڵکردنی (ماکس ڤیبەر) لەبەرچاودەگرێت، کە ئەو لە دامەزراندنی پرۆژەی مۆدێرنیتەدا گرتویەتیەبەر، بەوەی عەقڵانیەت توانای هەیە هەمو بوارەکانی کۆمەڵایەتی بگرێتەوە. (ڤیبەر) پێیوایە کۆمەڵگەی نوێ ئاڕاستە گشتییەکەی بەرەو عەقڵانیەت و کردەی عەقلانییە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک ئابوری، یاسا و ئەخلاقی تاکەکەسیدا. (هابرماس) لەو پێوەندییە بەتینەی نێوان عەقڵانیەت و مۆدێرنیتیدا پاشخانە فیکرییەکەی خۆی دادەمەزرێنێت، (المحمداوي، ٢٠١٥، ص٤٨-٤٩)، بەڵام ئەو دیسان پێ لەسەر چەمکی پێوەندی دادەگرێتەوە، چونکە کردەی پێوەندی (الفعل التواصلي) لێرەدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، کە وەک گوترا ئەو کردارە هێزی خۆی لە زمانی ڕۆژانە وەردەگرێت و هەر ئەوەیشە بەگژ هێزی عەقڵی ئامێرگەرادا دەچێتەوە، تا خودی فەلسەفەکانی هۆشیاری لە پێناوی مرۆڤایەتیدا بخرێنەگەڕ و لەو فەزایەدا پەرەبستێنن. لەو زەمینەیەدا ڕێ لە باوەڕە توندڕۆکان دەگیرێت و ناهێڵیرێت دزە بکەنە ناو پێوەندیی کۆمەڵایەتییەوە، نەبادا هۆشی مرۆڤ بەلاڕێدا ببەن، چونکە هەمو داخرانێک بریتییە لە بەلاوەنانی دایەلۆگ و زەمینەی لێکتێگەیشتن. لە کتێبی (زانست و تەکنیک وەک ئایدیۆلۆجیا)دا پێیوایە (ڤیبەر) کاتێ چەمکی عەقڵانیەت دەخاتەڕو، مەبەستی شێوەیەکی دیاریکراوی چالاکیی ئابوریی سەرمایەدارییە، کە بەپیشەسازیکردنی کاری کۆمەڵایەتی و بڵاوبونەوەی عەقڵی ئامێرگەرا لەگەڵ ئەو چەمکەدا دەگونجێن. (هابرماس) هەوڵدەدات چەمکی عەقڵانی بەشێوەیەکی نوێ دابڕێژێتەوە، بەڵام بەتەرزێکی فراوانتر لەوەی (ڤیبەر). لێرەدایە (هابرماس) کار لە کارلێک جودا دەکاتەوە، بەوەی کار چالاکییەکی عەقڵانییە و ئامانجدارە، کە دەکرێت چالاکییەکی ئامێرگەرا، یان هەڵبژاردەیەکی عەقڵانی بێت، دەیشکرێت هەردوکیان پێکەوە کۆ بکاتەوە. (حمدي وآخرون، ٢٠١٢، ص٤٨-٤٩).

کاتێ باس لە عەقڵانیەتی پێوەندیکردن دەکەین، مەبەستمان لەو زانینەیە، کە لەڕێی زمانەوە تاکەکان دەیگوێزنەوە، بەو مانایەی بە یەکتری دەگەیەنن و لە یەکتری وەردەگرن، بۆیە بایەخی گەورەی (هابرماس) بۆ ئەو زانینەیە، کە دەیەوێت لە خڵتەی ئاڕاستە ئایدیۆلۆجییەکان پاکی بکاتەوە. پێیوایە (ئەوە بەرژەوەندییە زانین ئاڕاستە دەکات).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

(هابرماس، ٢٠٠١، ص٣٧٧). مەبەستی (هابرماس) لەبەرژەوەندیی زانین (المصالح المعرفية)، ئەوەیە، کە ئێمە بەردەوام زانینی خۆمان لە پێناوی ئامانجێکی دیاریکراودا پەرەپێدەدەین و بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیشمان بنەمای بەرژەوەندیمانە لەو زانینەدا. ئەو بیرۆکەیە جیاواز نییە لەوەی قوتابی لەبەدیهێنانی زانیندا دەبێتە خاوەنی بەرژەوەندی، تا بڕوانامە وەربگرێت و کاری دەست بکەوێت، کە ئەوە گەیشتنە بە ئامانجەکەی. ئەو بەرژوەندییەی (هابرماس) خۆی لەقەرەی دەدات، بەرژوەندیی گشتیی هەمومانە، بەوەی هەمومان ئەندامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین. (کریب، ١٩٩٩، ص٣٠٧).

بە بڕوای (ئیبراهیم حەیدەری) تیۆریی زانین لای (هابرماس) لەلایەک لەسەر عەقڵی پێوەندیگەرا و لەلایەکی دیکە لەسەر پێوەندیی نێوان زانین و بەرژەوەندی دادەمەزرێت، بەو مانایەی پرۆژەی مۆدێرنیتی تەواو نەبوە. تیۆریی زانین تیۆرییەکی کۆمەڵایەتیی ڕەخنەییە، کە پێیوایە زانستە سروشتی و زانستە مرۆییەکان لە پێناوی بەرژوەندیی مرۆڤ گەشەدەکەن. ئەگەر هەلومەرجی ڕەخنەیی بۆ کارکردنی ئەو زانستانە و ئەرکەکانی دەستەبەربون، بەرژەوەندییە تەکنیکی و زانستییەکانیان پێویستە لەبەرژەوەندیی ڕزگاریخوازانە لە کاردابن، کە ئامانجیان دامەزراندنی ژیانێکی دادپەروەرانەی مرۆڤە. (ماڵپەڕی سودارس، (٢٠٠٩)، نظرية هابرماس النقدية وتحرير الانسان).

لە پێناوی پوختەکردنی ئەو زانینەدا، دەبێت لە ئاستی هەمو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا کراوە بین، نەوەک تەنیا بایەخ بە ئابوریناسی بدەین، بەڵکو پێویستە ئەو بایەخە سایکۆلۆجیا، مێژوی هونەر، هی ئەدەب، زانستی سیاسی، یاسا و ئەخلاقیش بگرێتەوە. (حمدي وآخرون ،٢٠١٢، ص٦). هۆشیاریی تەکنۆکراتی زۆر کەمتر لە هەمو ئایدیۆلۆجیاکانی پێشو ئایدۆلۆجییە، چونکە خاوەنی هێزێکی کوێرانە نییە بۆ بەلاڕێدابردن، کە ڕەنگدانەوەی بەدیهێنانی بەرژوەندییەکانە. لەلایەکی دی ئایدیۆلۆجیا پاوانخوازییە بەردینەکان، کە زانست بۆ بت دەگۆڕن، زیاتر بەرگری دەکەن و لە ئایدیۆلۆجیاکانی پێشو پتر مەودایان هەیە. (هابرماس،، ٢٠٠٣، ص٨١). لەگەڵ ئەوەیشدا پێیوایە هۆشیاریی تەکنۆکراتی زۆر فێڵبازانەتر کاری خۆی دەکات، بەوەی لەژێر دەستەڵاتی چینێکی دەستەڵاتداردا پێدەگات و پەرەدەستێنێت، کە دیسان ئەوە دەسەپێنێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی پێ لەسەر بەرژوەندیی ڕزگاریخوازانە دابگیرێت.

لێرەوە دەیەوێت چارەسەری عەقڵانی بۆ تەکنیک (التقنية) بدۆزێتەوە، کە باڵی بەسەر جیهانی ئەمڕۆدا کێشاوە و هەمو لایەکی گرتوەتەوە. ئەو دانیپێدادەنێت، کە لە سەردەمی سەرمایەدارییەکی نوێدا دەژین، لەسەر تەکنیک دامەزراوە، بگرە ڕەوایەتییەکەی لەو وەرگیراوە. کەواتە ناکرێت لێی ڕابکەین و پەنا بۆ دیوار و کەلاوەکانی ڕابردو ببەین. هەروەها ناکرێت دان بەوەیشدا نەنێین تەکنیک بەشێوەی جیاواز لە ئایدیۆلۆجیا باوەکان بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایەتی تێدەکۆشێت. ئەوەی تەکنیک لە ئایدیۆلۆجیا جودادەکاتەوە، ئەوەیە، کە بەرژەوەندییەک بهێنێتە کایەوە، هەمو چین و توێژە جیاوازەکان دەگرێتەوە، بگرە سنوری جیۆگرافیی نەتەوە، دەوڵەت، ئایین، باوەڕ و ئایدیۆلۆجیاکانیشی بڕیوە. (حمدي وآخرون، ٢٠١٢، ص٤٨). واتە بیری تەکنیکی خۆی سەپاندوە و ناکرێت پشتی تێبکەین، کە ڕاستییەکەیشی ئەوەی لێرەدا دەبێت لە دژی بوەستینەوە، پاوانخوازیی تەکنیکە. واتە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

کاتێ تەکنیک دەست بەسەر هێز و توانای تاکدا دەگرێت و دەیکاتە بەشێک لە ماددە، لێرەدا عەقڵیەتی ئامێرگەرایانەی دەردەکەوێت، بۆیە بە عەقڵانیکردنی زانین و کردەی پێوەندی ڕووبەڕووی ئەو عەقڵە ئامێرگەرایە دەبینەوە. وەک (ئیان کرەیب: Ian Craib)ی کۆمەڵناسی بریتانی (١٩٤٥-٢٠٠٣) دەڵێت: (هابرماس پێیوانییە عەقڵی ئامێرگەرا لە بنەڕەتەوە گەندەڵە و بۆ پاوانخوازی سەر دەکێشێت، بەڵکو ئەو عەقڵە لە کۆمەڵگە مۆدێرنە سەرەتاکاندا بە شێوەیەکی دیکەی زانین بە دەستهاتوە). (کریب، ١٩٩٩، ص٣٠٧).

دەگەینە ئەوەی بڵێین عەقڵانیەتی ئامێرگەرا بەرهەمی تەکنیکە. ئەو تەکنیکە بۆ ئایدیۆلۆجیای باو دەگۆڕێت، بەوەی لە شێوازی بیری زانستی و تەکنیکی نوێدا خۆی بەرجەستە دەکات. وا لە سروشت دەڕوانێت، کە بوارێکە بۆ دەستبەسەرداگرتن. لێرەدا چەمکی عەقڵی تەکنیکی و عەقڵی ئامێرگەرا پێک دەگەنەوە، بەوەی هەر کاتێ تەکنیک لە ئایدیۆلۆجیادا دەردەکەوێت، پرۆژەی دەستبەسەرداگرتنی سروشت دێتە کایەوە و هاوکات دۆخی کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتی دەخرێتە ژێر ڕکێفی ئەو پرۆژەیەوە.

پێیوایە عەقڵی ئامێرگەرا وا لە مرۆڤ دەڕوانێت بەشێکە لە بەشەکانی سروشت و ماددە دەچێت، کە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و عەقڵی ئامێرگەرا چەندایەتییە. لەڕێی ئەو خەسڵەتانەی عەقڵی ئامێرییەوە مرۆڤ وای لێدێت دەستەوستان ببێت لە تێگەیشتنی پرۆسەسی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مێژویی لە ڕایەڵی گشتیدا (في سياقها الشامل). هەروەها نەیشتوانێت ئێستا تێبپەڕێنێت، تا بگاتە ڕابردو و ڕوناکایی ئایندە. (حمدي وآخرون، ٢٠١٢، ص٤٩).

وەک گوترا (هابرماس) مەبەستیەتی زانین لە پێناوی مرۆڤدا بخرێتە کار، بۆیە وەک (تۆم بۆتۆر) دەڵێت: (پێویستە بە ڕێگەی عەقڵانی تاقیبکرێنەوە، ئاخۆ بانگەشەکانیان دروستن. واتە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەوە پاڵپشتی دەکرێن و ڕێکەوتنی عەقڵانی پێکدەهێنن؟ (بوتومور، ٢٠٠٤، ص١٠٨).

لێرەدا (هابرماس) دو چارەسەری ئەوپەڕگر (المتطرف) دوردەخاتەوە: یەکەمیان، کورتکردنەوەی بکەری مرۆڤانە (الفاعل الانساني) لە فیکری زانستی و تەکنیکدا. لە ئاڕاستەی پێچەوانەیشیدا بانگەشە بۆ تایبەتمەندێتیی تاک، یان گروپ لە ڕوبەڕوبونەوەی فشاری عەقڵانیەتدا دەکات. (تورين، ١٩٩٧، ص٤٣١).

وەک (ئالان تۆرین) دەڵێت (هابرماس) ترسێکی گەورەی لە هێزە میللییەکان هەیە (Völkisch)، کە لە ئەڵمانیای نازییان هێنا. باوەڕی بە بوارج دەرکەوتنی ئەوەی بە گەردونی ناسراوە، هەیە لە گەیاندنی ئەو ئەزمونە تایبەتانەی، کە پڕن لە تایبەتمەندێتیی واقیعی ڕۆژانە لەگەڵ بونی کەلتورێکی دیاریکراودا. نابێت وەک سیاسەتی لیبرالەکان ڕێی چارەسەری ناوەڕاست بگرین، تەنانەت ڕێگەی بە دڵفرەوانییەک (تسامح) نەدەین، کە لە جیاتی تێکەڵ ببێت (اندماج)، سنوری تایبەتمەندێتی دەبڕێت. پێویستە بەوە بگەین، کە دیمۆکراتی بەبێ هاووڵاتی نابێت، وەک چۆن هاووڵاتیبونیش بەبێ ڕێککەوتن نایەتە کایەوە. (تورين، ١٩٩٧، ص٤٣١).

بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئایدیۆلۆجیاکان و ڕزگاربون لەو کاریگەرییە نەگەتیڤەی جێیان هێشتوە، کە بونەتە هۆی شێوانی مرۆڤ و بەلاڕێدابردنی، پەنا بۆ ڕەخنە دەبات، بەوەی ئەوانە پێوەندیی نێوان تیۆری و پراکتیکیان لەیەکترازاندوە، بۆیە پێ لەسەر یەکێتیی زانین و بەرژەوەندی دادەگرێت.(هابرماس،٢٠٠٣، ص١٥٥). دواجار



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

ڕەخنە وا دەكات ئەوەی ناهۆشیارییە بكرێتە كرداری هۆشیاری و بەرەو ئەنجامی دەوڵەمەند ئاراستەبكرێت، وەک چۆن ئاستەكانی هۆشیاریی هەڵەیش بگۆڕێت. (هابرماس،٢٠٠١، ص٣٩١).

بەوە ڕازی نییە زانست بێلایەن، بێوەی و بێگەرد لێی بڕوانرێت، بۆیە پێویستە پاک بكرێتەوە. ئەمەیش وا پێویست دەكات ڕەخنە لە پۆزیتیڤیزم (الوضعية) و ئەو ڕەوتانەی بە زانست و ئاراستەی تەكنیک سەرسامن، بگیرێت. پێیوایە پۆزیتیڤیزم ئەو لادان (جنوح)ە دەردەبڕێت، كە بەڕادەیەک زانست مۆمیا دەكات، بۆ باوەڕێكی نوێ بگۆڕێت، لە توانا لەڕادەبەرەكانی دڵنیایە، كە دەتوانێت وەڵامی هەمو پرسیارێكی ئاراستەكراو بداتەوە، بگرە چارەسەری هەمو كێشەكان دەكات. هەرچی ئاراستەی تەكنیكییە ئەو لادانەیە وای دادەنێت پراكتیزەی زانینی زانستی (التطبيق العملي للمعرفة العلمية) بە تەنیا زامنی پێشكەوتنی كۆمەڵگە دەكات، بگرە بە چاوی ئامێرگەرایانە لە تەكنیک دەڕوانێت بە ڕێگای بێلایەنی دەزانێت، كە زانینی زانستی بەجێدەهێنێت، لەبیری چوەتەوە تەكنیک خودی مرۆڤ بۆ ڕێگا و ئامێر دەگۆڕێت، توانا داهێنەر و ڕزگاریخوازەكانی سەركوت دەكات. بەم شێوەیە پێویستە ئایدیۆلۆجیا لەڕێی ڕەخنە لە مۆدێرنیتی و كۆمەڵگەی نوێوە ڕەخنەی لێبگیرێت، كە زانست، تەكنیک و پیشەسازی پێكەوە كۆدەكاتەوە. (هابرماس) ئەوە بە ئەركی خۆی دەزانێت پەردە لەسەر ڕوی ئەو وەهمە لابدات، وەهمی زانستگەرا و تەكنیكگەرا ، كە وای دادەنێت نمونەی تەكنۆكراتی نمونەی باڵایە لە پێوەندیی نێوان بڕیاری سیاسی و زانینی زانستیدا. (ماڵپەری مدارات الثقافية، (٢٠١٥)، هابرماس ومسألة التقنية).

ئاراستەی زانستگەرا (العلماوية) هاتوە پاڵپشتیی ئەو بۆچونە گشتییە بكات، كە زانست جۆرێک لە ڕەوایەتی بە میكانیزمەكانی هەڵسوڕاندن (تحكم)ی تەكنۆكراتی بدات و هەر دەركەوتەیەک بە لاوە بنێت، كە بیەوێت بە شێوەی عەقڵانی ئەوە دەربخات و پراكتیزەی بكات. (هابرماس، ١٩٩٥، ص٤٢)، هەر لەم ڕوەوە دەنوسێت: (زانستگەرا وەک من لێی تێبگەم، بریتییە لە باوەڕبونی زانست بە خۆی. واتە باوەڕبون بەوەی ئیدی ناتوانین وەک شێوازێكی زانین سەیری بكەین، بەڵكو پێویستە زانست و زانین بە یەک شت دابنێین). (هابرماس، ١٩٩٥، ص٤٠). واتە ئەو ئاراستەیە خۆی لە شێوەی ئایدیۆلۆجیایەكی شاراوەدا نمایشدەكات و دەیەوێت زانستەكانی كۆمەڵایەتی بەلاوەبنێت. بەم شێوەیە لای (هابرماس) عەقڵانیەتی پێوەندی لە لایەک چالاكیی نێوان خودەكان ڕێكدەخات، كە توانای ئەوەیان هەبێت بێنە دەنگ و لەلایەكی دیكە تەبایی و لێكتێگەیشتن بهێننەدی. واتە لەسەر هەردو ئاستی بەجێهێنان و پێوەندیدا چالاک بن.

(هابرماس) لێرەدا جەخت لەسەر فەلسەفە دەكاتەوە، بەوەی ڕوبەڕوی ئەو ناعەقڵانیەتە دوسەرەیە دەبێتەوە، كە لە لایەک خۆی لەو كۆت و بەندانەدا دەبینێتەوە، خەسڵەتی پۆزیتیڤیزمیان هەیە و بەرهەمی ئەوەن، كە زانست لە پێناوی خۆیدایە، لەلایەكی دیكە شێوازێک لە بەڕێوەبردن، كە ڕێی تەكنۆكراتی دەدات لە بازنەی گشتیی داببڕێت. (هابرماس، ١٩٩٥، ص٤٥). فەلسەفەی ئەو پێ لەسەر بەرژەوەندیی ڕزگاریخوازانە دادەگرێت و لە بەرژوەندییە تەسكەكانی جودا دەكاتەوە، كە بە ئایدیۆلۆجیا داپۆشراون. بەوەدا ئەو فەلسەفەیە بیركردنەوەی ڕەخنەیی لە خۆی دەگرێت، توانای هەیە بچێتە بواری سیاسەتەوە و لەوێیشەوە ڕوبەڕوی ئەو ئاراستە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

تەكنۆكراتییە ببێتەوە، كە لەڕێی زانستگەراییەوە ڕەوایەتیی بە دەستهێناوە، چونكە بواری سیاسی بە ئاستی ئابوری و كۆمەڵایەتییەوە پێوەستە.

پرۆژەی (هابرماس) لە عەقلانیەتی پێوەندیدا پشت بە مێتۆدی مانای بەكارهێنراو دەبەستێت، چونكە بیرۆكەی حەقیقەت، كە یەكەم ڕستە هەڵیدەگرێت و گۆی دەكەین، تەنیا لەڕێی وەڵامدانەوە و هاوڕێكیی ئەوانە پێكدێت، كە لەناو نمونەی پێوەندییەكەدا لێیدەكۆڵنەوە. ئەو كارلێكە نمونەییەیش خاڵییە لە دەستەڵاتگەرایی. لەم ڕووەوە حەقیقەت مانای ڕون و بێگەرد لە خۆیدەگرێت. (المحمداوي، ٢٠١٥، ص٦٢). واتە كاتێ تاكێك لەبارەی بابەتێكەوە گوتەیەک دەردەبڕێت، ئەو گوتەیە تەنیا لای ئەوانە بایەخی هەیە، كە لەو نمونەیەدا بەشدارن. بەوەدا لە یەكتێدەگەن، لەسەر ئەو حەقیقەتە ڕێكدەكەون، بێ ئەوەی لە دەرەوە هیچ فشارێک خرابێتە سەریان. واتە وەک (ئۆستین) پێیوایە قسە مەبەستێک لە خۆی دەگرێت، كە لە بیرۆكەی قسەكەرەوە وەرگیراوە. ئەوە تەنیا مانای زمانەوانی لە بەرجەستەناكات، بەڵكو ئەو مانایەش دەهێنێتە كایەوە، كە قسەكەر خۆیشی مەبەستیەتی. (المحمداوي، ٢٠١٥، ص٦٣).

## ٣- ڕەهەندەكانی پێوەندیكردن لای هابرماس

### ٣-١. ڕەهەندی كۆمەڵایەتی

كاتێ ئەوە لە بەرچاودەگرین، كە (هابرماس) فەلسەفەی پێوەندیی لەسەر كایەی گشتی (فضاء العام) دامەزراندوە و بایەخی گەورەی بە چەمكی زمان داوە، بەو مانایەی لەڕێی زمانی ڕۆژانەوە هارمۆنیای نێوان تاكەكان پێكدێت، ئەوە دەزانین ڕەهەندی كۆمەڵایەتی لای ئەو چ بایەخێكی گەورەی پێدراوە. هاوكات لەوەیش دەگەین ئەو فەلسەفەی خۆی لەو ئاراستانە دوردەخاتەوە، كە خەسڵەتی لیبرالی و تاكانەیان هەن. بە مانایەكی دیكە، لە پێناوی ڕزگاركردنی ئەو هۆشیارییە كۆمەڵایەتییەدا، شەڕە فیكرییەكەی دەباتە ناو جەماوەر و چەكەكەیشی ڕەخنەیە. لێرەوە دەكرێت بگوترێت مەبەستیەتی تیۆرییەكی نوێی ڕەخنەیی دابمەزرێنێت، تا لەڕێیەوە ڕوبەڕوی ئەو فەلسەفانە ببێتەوە، كە بەوە ناسراون خودی و هۆشیارین و بە دەوری عەقڵدا دەخولێنەوە. ئەوە بە سروشتی خۆی خەسڵەتی كۆمەڵایەتییانە بە فەلسەفەكەی دەدات، بەوەی پشت بە تیۆریی پێوەندی دەبەستێت و تیۆریی پێوەندییش بەبێ زمان پێكنایەت، كە دواجار هەر زمانیشە خودەكان دەكاتەوە و لە ئاستی كۆمەڵایەتیدا دەیانخاتە گفتوگۆوە. وەک (پیتەر هامیلتۆن) لە پێشەكیی كتێبی (قوتابخانەی فرانكفۆرت)ی (تۆم بۆتۆمۆر)دا دەنوسێت: (هابرماس بەرهەمەكانی خۆی لەنێوان فەلسەفە و كۆمەڵناسی داناوە، كە ئەگەر گونجاوە بگوترێت، ئەوە ستراتیجیەتێكی لەم شێوەیە دەكرێت كاریگەربێت). (بوتومور، ٢٠٠٤، ص٣٤)، واتە كۆمەڵناسی لای ئەو پرۆژەیەكی فەلسەفییە و لەچوارچێوەی كۆمەڵایەتیدا خۆی لەو چەمک و بەها كۆمەڵایەتییانە دەدات، كە شێوێنراون و دەیەوێت لەڕێی فیكری ڕەخنەییەوە پێیاندا بچێتەوە. بە مانایەكی دیكە، ڕاڤەكردنی بونیادی كۆمەڵایەتی لەئەستۆ دەگرێت و هەوڵی دامەزراندنی كۆمەڵگەیەک دەدات، كە تێیدا عەقڵی پێوەندیگەرا بكرێتە پێوەری كۆمەڵایەتی. وەک (ئیان كرەیب) دەڵێت: (تیۆرییەكە لای هابرماس بەرهەمی كرداری مرۆڤییە و خزمەتی ئامانجی ئەو كردارەیش دەكات). (كریب، ١٩٩٩، ص٣١١). (هابرماس) خۆی دەنوسێت: (عەقڵی پێوەندی بە هێزی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

یەکگرتویی پێویست لە ڕێککەوتنی خودەکان و دانپێدانانی ئاڵوگۆڕدا پتەو دەبێت و هەر بەوەیش کایەی ژیانی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات). (هابرماس،١٩٩٥، ص٤٩٧). بەم شێوەیە کردەی پێوەندی پێچەوانەی کردەی ئامێرگەرا، ڕەهەندی بابەتی و مرۆیانە لە خۆی دەگرێت و لە توانایدایە ئەو عەقڵە تێبپەڕێنێت، کە خۆی داخستوە. ئەوەیان عەقڵێکی گشتگیری داخراوی لوتبەرزە و لەگەڵ خودەکانی دیکە لە دایەلۆگدا نییە، بەڵکو خۆی لێیان دابڕیوە، بگرە خودی واقیعی لەتلەت کردوە، بۆیە هەوڵی عەقڵی پێوەندی بۆ فراوانکردنی کایەی کۆمەڵایەتییە، تا خودەکان تێیدا هەم سەربەست و هەم یەکسان بن، کە ئەوەیش وا دەخوازێت هەر خودێک لە پێناوی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیدا دەست لە بەشێکی خۆی هەڵبگرێت و ویستی خۆی بۆ پێوەستی کۆمەڵایەتی (دمج الاجتماعي) پیشان بدات. ئەوە مەرجی دروستبونی زەمینەی عەقڵانیەتە، کە دواجار لێکتێگەیشتنی خودەکان دەباتە ئاستێکی بەرزترەوە، بەوەی تا زمانی ڕۆژانە پتر خەسڵەتی ڕاستگۆیی و ڕونی لەخۆی بگرێت، پێکەوەژیانیش زیاتر دەبێتە واقیعێکی کۆمەڵایەتی و چاکتر دڵنیایی بە تاکەکانی دەبەخشێت. لەو زەمینە عەقڵانیەدا پێوەندیی کۆمەڵایەتی سنوری پاوانخوازی و زۆرلێکردن دەبڕێت و ڕو لە دایەلۆگی کراوە دەکات. بە مانایەکی دیکە، بەهای دیمۆکراتی و یاساکانی پاراستنی مافی مرۆڤ خۆیان دەردەخەن، مادام تاکەکان وا لێیان ناڕوانرێت ڕێگان بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، بەڵکو هەر خۆیان ئامانجن.

پرسیاری سەرەکی، کە تیۆریی کۆمەڵایەتی لای (هابرماس) دەیخاتەڕو، ئەوەیە: چۆن دەکرێت سیستێمی کۆمەڵایەتی بهێنرێتە دی؟ (هابرماس) بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: لە کۆمەڵگە مۆدێرنە سێکۆلارەکاندا سیستێمی کۆمەڵایەتی بە پلەی یەکەم پشت بە کردەی پێوەندی دەبەستێت (ئەو کردەیەی لە ڕێی بانگەشەی ڕاستێتییەوە ڕێکدەخرێت) لەگەڵ گوتاری ئەوانەی لە دامەزراندنی پێوەستی کۆمەڵایەتیدا یارمەتیی یەکتر دەدەن و دەیپارێزن. واتە ئەوانەی کەتیرە (المادة اللاصقة) دەستەبەردەکەن، تا بەشەکانی کۆمەڵگە پێکەوەببەستنەوە. (هابرماس) لە ڕێگەی تیۆرییەکەوە ئەو کارە دەکات، کە لە دو بەرگ پێکدێت و هەر یەکەیان پاڵپشتی ئەوەی دیکەیانە. بەرگی یەکەم و بەرگی دوەمی (تیۆریی کردەی پێوەندیکردن). بەشی یەکەم بریتییە لە چەمکەکان، کە تێیدا جیاوازییەکی تەواو لەنێوان کردەی پێوەندی و کردەی ئامێرگەرا، یان ستراتیجیدا دەکات، کە دەیەوێت بیسەلمێنێت دوەمیان پشت بە یەکەمیان دەبەستێت. بەرگی دوەمیان بریتییە لە زانستی بونی کۆمەڵایەتی، کە تیۆرییە بۆ فۆرمێک، کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی لێدروست بوە. (هابرماس) پێیوایە کۆمەڵگە نوێیەکان لە دو کایەی سەرەکیی چالاکیی کۆمەڵایەتی پێکدێن، کایەی ژیان و کایەی سیستێم. ئەوانە مەڵبەندی کردەی پێوەندی و ئامێرگەران. (فینلیسون، ٢٠١٥، ص٦٣).

بەم شێوەیە پێیوایە لە پێناوی بەعەقڵکردنی کایەی ژیان، لەسەر تاکەکان پێویستە کۆمەڵگە بەرهەمبهێننەوە و لەسەر دیاریکردنی شوناسیان ڕێککەوتنی گەورەتر بکەن. ناکرێت وای دابنێین کۆمەڵگە تەنیا گۆڕینەوەی کەلوپەلە لەنێوان تاکەکان و دابەشکردنی کار و حوکمڕانیی یەکترە، بەڵکو لێرەدا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هەیە، کە بریتییە لە کارلێکی ئەو دیدگایەی ڕوانینمان بۆ کۆمەڵگە دەگۆڕێت. (احمد، ٢٠١٠– ٢٠١١، ص١٨٠).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

ئەگەر تیۆرییەکە خۆی بنەمایەکی فرەوانی کۆمەڵایەتیی هەیە، ئەوە متمانە دەکاتە سەر کۆمەڵناسی، کە لەو چوارچێوەیەدا بە مەبەستی دامەزراندنی تیۆرییەکەی بۆ کۆمەڵگە، وای بە پێویست زانیوە تیۆرییە کلاسیکییەکانی کۆمەڵایەتی لای (ماکس ڤیبەر)، (مارکس) و (تالکۆت پارسۆنز) (Talcott Parsons) بەسەر بکاتەوە، بگرە بە شێوازی خۆی لە تیۆرییەکەی دایانبڕێژێتەوە. بەر لە هەمو شتێ ئاوڕدانەوەی بۆ تیۆریی کردەی (پارسۆنز) لە پێناوی تێپەڕاندنی سەرجەم پێشنیازی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆیە دەبینین ئاڕاستەی فەنگشەنالیزم (النزعة الوظيفية)ی (پارسۆنز) و عەقڵانیەتی (ڤیبەر)ی کۆ کردوەتەوە، بە ڕەچاوکردنی ڕاڤەی مارکسییانە. (سلیم، ٢٠٠٨–٢٠٠٩، ص١٠–١١) ئەو بایەخەی (ماکس ڤیبەر) بە تاکی داوە لە کۆمەڵگەی نوێی سەرمایەداریدا بە گشتی لە بۆچونی فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا ڕەنگیداوەتەوە، کە (هۆرکاهیمێر) و ئەوانەی دیکەیش بەر لە شەستەکان بایەخی تایبەتیان پێداوە. بێگومان پێیشی کاریگەربون.(بوتومور، ٢٠٠٤، ص٥١).

وەک پێشتر گوترا (هابرماس) بەشێکی گەورەی کاری خۆی بۆ ڕەخنەگرتن لە پۆزیتیڤیزم (الوضعية) تەرخاندەکات و دەیەوێت شێوازێکی نوێ بۆ تیۆریی نوێی زانین دابڕێژێت. لە پاڵیشیدا بایەخ بە زانستەکانی کۆمەڵناسی دەدات. (بوتومور، ٢٠٠٤، ص١٠٣).

## ٣-٢. ڕەهەندی فەلسەفی:

مرۆڤ کاتێ بیەوێت ڕەهەندی فەلسەفی لە کەسایەتیی (هابرماس)دا دەستنیشان بکات، تا بزانێت ڕەنگدانەوەی ئەو فەلسەفەیە لە تیۆریی پێوەندیکردندا چۆنە، ڕوبەڕوی ئیشکالیەتی گەورە دەبێتەوە، بەوەی ئەو فەیلەسوفێک نییە وەک هەمو فەیلەسوفەکانی هاوچەرخ و پێشوی، وەک چۆن سەختە بە کۆمەڵناسێکی ئاساییشی بزانین. ئەو بەر لە هەرچی خوێنەرێکی تایبەتی بواری فەلسەفەیە بە مانا گشتییەکەی. واتە خوێندنەوەی سەرجەم ئەو بوارانەی، کە پێوەندییان بەکۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆجی، فیکر، دەرونناسی، زمانەوانی و ئەوانەی دیکەوە هەیە، بەو مەبەستەی لە هەمویان تیۆرییەکی سەربەخۆ پێکبهێنێت. لە بەرهەمەکانیدا لانی کەم چوار هێڵی تۆخ دەبینین. هێڵی فەلسەفە، کە لە سەردەمی یۆنانەوە دەست پێدەکات، بە (کانت)، (هیگڵ)، (نیتشە)، (مارکس)، (هایدیگەر)، تەنانەت بە نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە (هۆرکهایمێر)، (ئادۆرنۆ) و (مارکیوز)یشدا تێدەپەڕێت. ئەوە هەر (هابرماس)یشە لە کتێبی (دیسکۆرسی فەلسەفییانەی مۆدێرنیتە)دا خۆی بە پارێزەری چەمکی مۆدێرنیتە دادەنێت و لە دژی ئیراشناڵەتی (ناعەقڵانیەت: Irrationality)دا بەرگری لە ڕاشناڵەتی دەکات. لەو کتێبەیدا بە توندی ڕەخنە لە (مارتین هایدگەر)، (مێشێل فۆکۆ)، (جیل دۆلۆز)، (جان لیۆتارد) و (دێریدا) دەگرێت و پێیوایە ئەوانە لە ڕەشبینی و عەدەمدا نقومن.(کاکەسوور،٢٠٢٠.ص٧٩). هەروەها بەرهەمەکانی (ژان پۆول سارتەر)یش ڕوبەڕوی دەبنەوە. (جمال،٢٠١٦–٢٠١٧، ص٢١). لە ساڵی (١٩٥٤)دا نامەی دکتۆراکەی لەبارەی (فریدریک شلینگ: Friedrich Schelling)ی فەیلەسوفەوە دەنوسێت. (فینلیسون، ٢٠١٥، ص١١). هێڵێکی دیکەی فیکری (هابرماس)، کۆمەڵناسییە، کە (ماکس ڤیبەر)، (دۆرکایم)، (جۆرج هێربێرت مید: George Herbert Mead)، (پارسۆنز) دەگرێتەوە. لە هێڵی دەرونناسیدا بەڕونی (فرۆید) دەبینین، کە پێیوایە مێتۆدی (فرۆید) لە دەرونشیکاریدا نمونەی زانستی ڕزگاریخوازانەیە. (جمال، ٢٠١٦–٢٠١٧، ص٢٦). لە هێڵی زمانەوانیدا (ژان پیاجە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

(Jean Piaget)، (لودڤیچ ڤیتگنشتاین)، (جۆن ئۆستین: John Austin)، (جۆن سورێل: John Searle)، (چۆمسكی) دەردەكەون. بیرۆكەی (گفتار كردارە)ی لە (جۆن ئۆستین) وەرگرتوە، كە دەبێتە قاڵبی ئاڵوگۆڕی گەردونی و ڕاستییەكەی بۆ (ڤیتگنشتاین) دەگەڕێتەوە. (المحمداوي،٢٠١٥، ص٦٠).

دەكرێت بڵێین هەر لە نوسینە سەرەتاكانی (سیمای فەلسەفی و سیاسی) بەتێپەڕین بە (توێژینەوە ئامادەكار و تەواوكەرەكانی تیۆریی كردەی پێوەندیكردن)، بەرهەمی ڕەخنەیی (دیسكۆرسی فەلسەفییانەی مۆدێرنیتە) و نوسینەكانی لەبارەی فەلسەفەی ئەخلاق (ئەخلاق و پێوەندیكردن)ەوە تا دەگاتە كتێبەكانی سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسی (ماف و دیمۆكراتی) و (پێوەستی جەماوەری) خەونی دامەزراندنی تیۆرییەكی پێوەندیكردن بوە، تا شوێنی فەلسەفەی هۆشیاری بگرێتەوە. واتە دانانی تیۆرییەك بۆ كۆمەڵگە، نەوەك بۆ زانین، چونكە كۆمەڵگەی مۆدێرن و عەقڵانی، كە (هابرماس) بۆ بەدیهێنانی تێدەكۆشێت، لەسەر بنەمای گفتوگۆ، نەوەك ململانێ دامەزراوە. ئەو بە بوێرییەكی ڕەخنەگرانەوە شاڵاوی بۆ سەر ئەو تیۆرییە فەلسەفی، سۆسیۆلۆجی و زمانەوانییانە بردوە، كە باوەڕیان بە بەدیهێنانی پێوەندیكردن نییە، وەك ئەوەی لە (دیسكۆرسی فەلسەفییانەی مۆدێرنیتە)دا ڕەخنە لە فەیلەسوفانی پۆستمۆدێرن دەگرێت.(میرغني، الفلسفة والسياسة عند يورغن هابرماس جدل الحداثة والمشروعية والتواصل في فضاء الديمقراطية. (ماڵپەری الجسرة الثقافي، (٢٠١٤)، الفلسفة والسياسة عند يورغن هابرماس جدل الحداثة والمشروعية والتواصل في فضاء الديمقراطية).

هەمو ئەوانە وایان كردوە فیكری ڕەخنەیی (هابرماس) ڕوبەڕوی كۆمەڵێك فەیلەسوف و بیرمەند ببێتەوە و لە دژی كۆمەڵێك ئاڕاستەیشدا بجەنگێت. ئەو هەر بە ڕاستی لە جەنگێكی گەورە و چەند سەرەی فیكریدایە، كە چەكەكەی ڕەخنەیە. وەك دەبینین بۆ بەشێكی زۆری ئاڕاستە فەلسەفییەكان دەگەڕێتەوە. لە هەمویان وەردەگرێت و ڕەخنە لە هەمویشیان دەگرێت، تا تیۆرییەكی سەربەخۆ و تەواوی ڕەخنەیی دابمەزرێنێت، كە ئەوە وای كردوە شێوازی ئەو تەنانەت لەناو خودی قوتابخانەی فرانكفۆرتیشدا تایبەت بێت، بۆیە هەر ئاڕاستە فەلسەفییەكەی ئەویش لە هیی هەمو ئەوانەی دی پتر بوەتە مایەی توێژینەوە و زیاتریش كەوتوەتە بەر ڕەخنە.

پێیوایە فەلسەفە لە سنوری دەستەبژێر (نخبة)دا قەتیس بوە و نەگەیشتوەتە خەڵك. واتە بانگەشەرانی فەلسەفە خۆیان لە بورجە بەرزەكان ناوە. ئەو بێكارە خەواڵوانە لە هەمو كارێكی بەرهەمهێن دورن و هەر خەریكی دارشتنی تیۆرین، كە خەڵك بەرگەیان ناگرێت. (سلیم، ٢٠٠٨-٢٠٠٩، ص٧٠). ئەو فەلسەفە ڕەخنەییەكەی دەگەینێتە سەر زەویی واقیع، بۆ ئەوە نا سازش لەگەڵ ئەو ئایدیۆلۆجیایانەدا بكات، كە واقیعیان داپۆشیوە، بەڵكو بۆ ئەوەی ڕوبەڕویان ببێتەوە و كاریگەریی جەنگەكەی بەڕاستی دەربكەوێت. هەر لێرەدا تیۆریی پێوەندیكردن چاو هەڵدێنێت و گەشە دەكات.

شەڕی ئەو پێش هەمو شتێك لە دژی ئەو بۆچونانە هەڵگیرسا، كە لە دوای شەڕی دوەمی گێتی لە ئەڵمانیادا باوبون، كە وەك خۆی دەڵێت زۆرینەی كات لەسەر حیسابی ڕونیی ڕاڤەكانیان دەردەكەوتن، وزەیەكی ڕەخنەیی گەورەیان لەخۆگرتبو، كە لەنێوان فیكری دامودەستگەی پاوانخوازی، ڕەخنەی ئاڕاستەداری ئۆنتۆلۆجی و


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

ئاڕاستەی تاریکبینانەی کەلتوریی چەپگەرا، تەنانەت دەگەیشتە ڕەخنەی ڕادیکالیی یوتۆپییش. (هابرماس، ١٩٩٥، ص٢٠).

ڕەهەندی فەلسەفیی (هابرماس) لە سێ لاوە دەردەکەوێت: یەکەم، فرەشارەزایی لە بوارەکاندا، کە بیرۆکەی قوڵی مێژو، کۆمەڵناسی، ئەدەب و فەلسەفە ئاوێتە دەکات. دوەم، ڕوی لە دیاریکردنی ئاڕاستە پێشکەوتنخوازەکانی عەقڵانیەتی کۆمەڵگەی نوێیە و دەیەوێت لە ئاڕاستە کۆنەخوازە ناعەقڵانیەکانیان جودابکاتەوە. سێیەم، ئەویش وەک (هۆرکهایمێر) و (ئادۆرنۆ) پەنا بۆ شێوازی ڕەخنەی جەوهەری (النقد المحایث) دەبات، کە دەکرێت بە ڕەخنەی ناوەکی ناوی ببرێت، کە لە بەرانبەر ڕەخنەی دەرەکیدایە. بیریاران پێیانوایە لە بنەڕەتەوە لە (هیگڵ) و (مارکس)ەوە هاتوە . (فینلیسون، ٢٠١٥، ص٢٥-٢٦).

لەناو فیکری ڕەخنەیی ئەودا، کە هەم فرەئاڕاستەیە و هەم فرەڕەهەند، چەمکی پێوەندیکردن مانایەکی دیکەی جیاواز لەوەی پێشو لە خۆی دەگرێت. بە هێزی ئەو فەلسەفە عەقڵانییە (پێوەندی) لە خودەوە بۆ دەرەوە و لە تاکەوە بۆ کۆمەڵگە دەگوێزرێتەوە، بەو مەبەستەی ڕۆبچێتە ناو زمانی ڕۆژانەی خەڵک و بە پێوەری عەقڵانیەت بەڕێوەبچێت. بەمانایەکی تر، ئامانجی گۆڕینی فەلسەفەی هۆشیارییە بۆ فەلسەفەی پێوەندی، کە وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەوەی ئەو گۆڕانکارییە لەئەستۆ دەگرێت، زمانە، چونکە خودەکان لەڕێی زمانەوە دێنە دەرەوە و لەگەڵ ئەوانەی تردا ئاوێتەدەبن، کاتێ کایەی گشتی بەهاکانی دیمۆکراتی و ئازادیی لەخۆی گرتوە و ئایدیۆلۆجیاکان دورخراونەتەوە. لەم زەمینەیەدا عەقڵێک چاو هەڵدێنێت و گەشەدەکات، کە توانای ڕەخنە، ڕاڤە و داهێنانی هەیە.

لەپێناوی دامەزراندنی دیدێکی فەلسەفییانەی پێوەندیگەرادا جەنگێکی گەورە لەبەرانبەر مێتافیزیکادا هەڵدەگیرسێنێت و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کاری فەلسەفە ئەوە نییە لە ڕەها ورد ببێتەوە، بەڵکو پێویستە بەلاوەی بنێت. فەلسەفەی ڕەها لە بەردەم پێشکەوتنی عەقڵانیەتدا بەربەستە، بەوەی وای دێنێتە بەرچاو خاوەنی حەقیقەتە، لە کاتێکدا ئەوەی (هابرماس) لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ، کۆمەڵگەی دوای شەڕی دوەمی گێتیی دەوێت، عەقڵانیەتی ڕەها نییە، کە ئەو فەلسەفەیە وا بانگەشە دەکات، گوایە بە تەنیا دایدەمەزرێنێت، بەڵکو عەقڵانیەتی پێوەندیی ڕەخنەگرانەیە، کە پێوەستی کایەی ژیانە.( ماڵپەری com.blogspot.post2modernisme,(٢٠١٥)، فلسفة التواصل عند هابرماس).

## ٣-٣. ڕەهەندی سیاسی:

پێوەندی لای (هابرماس) چەمکێکی فراوانە و سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، کە سیاسەت لە پاڵ سۆسیۆلۆجیا، ئەنترۆپۆلۆجیا، پەروەردە، کەلتور، سایکۆلۆجیا، جوانناسی و زماندا یەکێکیانە، بۆیە بایەخی ئەو بە سیاسەت خاڵی بنچینەیە لە بەرهەمەکانیدا. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا بۆ هەر چەمکێک کۆمەڵێک ئاڕاستەی فیکری، فەلسەفی، زمانەوانی و هیی دیکە بە سەر دەکاتەوە، کە چەمکی سیاسەتیش لەوە بە دەرنییە. هەوڵیداوە مانایەکی دیکەی نوێ بەو چەمکەیش بدات، کە پێشتر (هیگڵ) بە چڕی بایەخی پێداوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

تیۆریی ڕەخنەییانەی (هیگڵ) خۆی لە ئازادی بە دەستەڵاتەوە دەردەخات، بەو مانایەی ئازادی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. لێرەدا ئارەزوی تاک دەرناکەوێت، بەڵکو پێویستە تاک چەقی ئەرکەکانی بێت. لەڕوی ئەخلاقەوە تەنیا کاتێ گونجاوە بەرگری لە مافی ئازادی و خۆشگوزەرانی بکرێت، کە لەگەڵ یەکێ لە ڕوەکانی چاکەی گشتیدا ڕێکدەکەون. لەبەرئەوەیە بە بڕوای (هیگڵ) مافی کەسێتی و ئەرکی گشتی هەن. وای دادەنێت کۆمەڵگە لەنگەری ئەو ئاڕاستە نائەخلاقییانە ڕادەگرێت و دەوڵەت ڕێ بەو گێرەشێوێنییە نائەخلاقییانە نادات، بۆیە پێویستە دەوڵەت ڕەهابێت. (حمدي وآخرون، ٢٠١٢، ص٢٩).

قوتابخانەی فرانکفۆرت، کە (هابرماس) یەکێکە لە قوتابییەکانی، لەو تێگەیشتنەی (هیگڵ) بەئاگادێتەوە. بەوەدا سیاسەت بە ئەخلاقی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە و ئەوانەیش ئەخلاقی دەوڵەتن، مانای وایە ڕەگەزپەرستیی تێدا دەردەکەوێت، بەو مانایەی شکۆی نەتەوەی ئەڵمان و مرۆڤی ئەڵمان دەردەخات. ئینجا ئەو دەوڵەتە لای (هیگڵ) ئامانجە، نەوەک ڕێگە. (حمدي وآخرون، ٢٠١٢، ص٢٩).

بەم شێوەیە عەقڵی (هیگڵ) ئامێرگەرایە، بۆیە فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەگشتی و (هابرماس) بە تایبەتی ڕەخنەی لێدەگرن، کە ئەوەی دواییان لە کتێبی (زانین و بەرژەوەندی)دا پێوەندیەک لەنێوان دەرکەوتنی ئەم عەقڵە و نەمانی تیۆریی زانین (نظرية المعرفة)دا دەدۆزێتەوە، کە دواتر دەبێتە هۆی لێکترازانی زانین و بەرژەوەندییش. (حمدي وآخرون، ٢٠١٢، ص٣٠).

لێرەدا چەمکی سیاسەت وەک هەمو چەمکەکانی دیکە بەپێی تیۆری ڕەخنەیی داڕێژراوە، کە (هابرماس)ی پێ لە سەرجەم فەیلەسوف و کۆمەڵناسانی تر جودادەکرێتەوە. واتە لە دژی ئەو ئاڕاستانەدا دەوەستێتەوە، کە لە ڕێی هێزەوە ڕۆ دەچنە کایەی کۆمەڵایەتی و لەوێدا بە زۆرەملێ شوناس دروست دەکەن. بە مانایەکی دیکە، دۆگمایی حیزبی بە مەترسی دەزانێت، بۆیە بایەخی سەرەکی بە فەلسەفە دەدات، کە فەلسەفەی ڕەخنەگرانە توانای کردنەوەی داخراوەکانی هەیە. ئەگەر ئەوەمان خستەوە بەر چاومان، کە ئەو ڕەخنە لە هەمو ئاڕاستە فەلسەفییەکانی خودی و هۆشیاری دەگرێت، بەوەی داخراون و بە دەوری عەقڵدا دەخولێنەوە، ئەوە دەزانین مەبەستیەتی کرداری سیاسەتیش لە ژێر چنگیان دەربهێنێت، تا لە کایەی گشتیدا بە ئازادی هەڵبسوڕێت و هەر لێرەیشەوە دەچێتە باری دینامیکییەوە، مادام خۆی لە ئاستی ئەوانەی دیکەدا دەکاتەوە و لە گفتوگۆی گشتیدا بەشدار دەبێت.

(هابرماس) ئامانجی دامەزراندنی قەوارەیەکی مەعریفییە، ڕێ بە گفتوگۆی بەهاکان بدات و بەپێی ئەو پێوەرانەی لەڕێی گفتوگۆوە بە دەستهاتون، هەڵیانبژێرێت، کە ئەوە ڕەهەندێکی عەقڵانی بە سیاسەت دەدات. (المحمداوي، ٢٠١٥، ص١٤٠). لەم ڕوەوە دەنوسێت: {هەولّم دا لە چوارچێوەی تیۆری کردەی پێوەندیدا لۆجیکێکی گونجاوی هەڵسوکەوت دابمەزرێنم (ارساء معقولية سلوكية)، بریتی بێت لەوەی کەسێک کایە کۆمەڵایەتی، زمان و شێوازی ژیانە کەلتورییەکەی هەرچییەک بێت، نەتوانێت خۆی نەخزێنێتە ناو چوارچێوەی کردەی پێوەندییەوە. هەروەها نەتوانێت بایەخ بە هەندێک گریمانەی ئاڵوگۆڕی نەدات، کە پێموایە ئەوە ئاڕاستەیەکی گشتییە}. (هابرماس،٢٠١٠، ص٣٠).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

(هابرماس) لە هەوڵی ئەوەدایە چەمکی دیمۆکراتی بە کردەی پێوەندییەوە ببەستێتەوە، بەو مانایەی لە ئەنجامی گفتوگۆوە بەدەستبێت و جۆرێک هاوڕایی لەخۆی بگرێت، ئەوەیش بە دیمۆکراتیی تەگبیرسازی ( Deliberative democracy) ناسراوە، بەوەی دورە لە پاوانخوازی و دەستەڵاتداری، بەڵکو هاووڵاتییان خۆیان ڕاستەوخۆ تێیدا بەشدارن، مادام ڕۆچوەتە ئاستی میللییەوە و خەڵک لە بۆچون و ڕەخنەگرتنیان ئازادن. بەم شێوەیە هەر خۆیان ڕاستێتیی ئەو بەهایە دەسەلمێنن و لەو نێوەدا دەتوانن پێشنیازی نوێ بخەنەڕو. دەکرێت بگوترێت ئەو شێوازەی دیمۆکراتی بەوە لە شێوازە باوەکان جودادەکاتەوە، کە ڕای گشتی لە بەرچاودەگرێت و تێیدا ویستی تاک فەرامۆش ناکرێت لەوەی چۆن چوارچێوەی سیاسی بۆ ئەو ویستەی دەستنیشان دەکات. واتە لەو ڕێیەوە دەیەوێت سیاسەتیش وەک هەمو کایەکانی دیکە بەعەقڵانی بکرێت.

بۆ پشتیوانیی کردەی پێوەندیکردن لەناو کۆمەڵگەدا ئاماژە بە کایەی گشتی دەکات، کە لە پاڵیدا ڕەهەندی سیاسیی فەلەسەفە دەردەکەوێت، بەوەی ڕەهەندێکی ئامادەیە لە بەرهەمەکانی دواتری لەبارەی فەلسەفەی سیاسییەوە. پێیوایە دیمۆکراتیی تەگبیرسازی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخە، کە لەسەر گفتوگۆی عەقڵانی لە کایەی گشتی دامەزراوە. واتە لە توندوتیژی، پاوانخوازی و دەستەڵاتداری خاڵییە. ئەوە وای لە (هابرماس) کردوە ببێتە هەڵگری دیسکۆرسی فەلسەفی و زانستی، تا دیدگەیەکی دیکە بۆ مۆدێرنیتە و عەقڵانیەت بخاتەڕو، کە لە قوڵایی سیاسیدا بەرەو نوێکردنەوەی کۆمەڵگەی هاوچەرخ ئاڕاستە ببێت، ئەویش لە ڕێگەی نوێکردنەوە و بەعەقڵکردنی ئەو میکانیزمانەی بەڕێوەیدەبەن. (ماڵپەری الجسرة الثقافي، (٢٠١٤)، الفلسفة والسیاسة عند یورغن هابرماس جدل الحداثة والمشروعیة والتواصل في فضاء الدیمقراطیة).

دیمۆکراتی تەگبیرسازی توانای دروستکردنی زەمینەیەکی وای هەیە، کە تێیدا مرۆڤ ڕاستەوخۆ بۆچونی خۆی دەرببڕێت و گوتەکانی ئاڕاستەی ئەوانەی تر بکات، وەک چۆن دەتوانێت ڕەخنەبگرێت و لە ئاستی ئەو دیاردانە بێتە دەنگ، کە لە کۆمەڵگەدا دەردەکەون. ئەوە مانای وایە بۆچون و پێشنیازەکانی وەڵامدانەوەیان دەبێت. لێرەدا بەشداریی سیاسەت دەکات و لە بڕیاری سیاسیدا ڕۆڵی پێ دەدرێت. دەکرێت بڵێین (هابرماس) تەواو پێچەوانەی (هیگڵ) ئەرکی دەوڵەت تەنیا لەوەدا دەبینێتەوە، کە خزمەتی خەڵک دەکات. بە مانایەکی دیکە، پێوەندیی نێوان تاکەکان بە ڕێوە دەبات. (ئامانجی باڵای دیمۆکراتی تەگبیرسازی، ئەوەیە، بەرگری لە بەرژەوەندیی گشتی بکات، نەوەک لە هیی ئەندامی گروپ). (الزیباري، ٢٠١٦، ص١٩٦). (هابرماس) لە بەجێهێنانی دیمۆکراتیدا پشت بە ئەخلاقی گفتوگۆ و پێوەندیکردن دەبەستێت، کە ئەو پێوەندییە خاوەنی خەسڵەتی هەڵسەنگاندن و ئەزمونگەرییە. هەڵسەنگاندن، بەو مانایەی بەهای جێگیر لە خۆی دەگرێت، کە ڕێککەوتنیان لەسەرکراوە. ئەزمونگەرییشە، چونکە ئەزمونی ڕۆژانەیە و کایەی ژیان دەردەبڕێت. (حمدي وآخرون،٢٠١٢، ص١٩٠). سێ نمونەی پێوەری بۆ دیمۆکراتی دەخاتەڕو:

**یەکەم: نمونەی لیبرالی**: ئەرکی دیمۆکراتی لەم نمونەیەدا بریتییە لەوەی دەوڵەت لەناو بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیدا بەپرۆگرام بکرێت. لێرەدا تەنیا لە میانەی ئابوریی بازاڕەوە پێکهێنانی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەدەبات، کە لەنێوان تاک و کایەی کۆمەڵایەتیدا دێنەدی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

**دوەم: نمونەی جەماوەری**: بریتییە لە پێكهێنانی ڕای گشتی و بەڕێوەبردن بەپێی قۆناغەكان لەناو كایەی گشتی، كە متمانە ناكاتە سەر ئابوریی بازاڕ، بەڵكو پشت بە گفتوگۆی گشتی دەبەستێت. لەناو پەرلەمان پێكدێت و بونیادێكی سەربەخۆی هەیە، كە ئامانجی لێكتێگەیشتنە. (حمدي وآخرون، ٢٠١٢، ص١٩١).

**سێیەم: نمونەی ئاڵوگۆڕی**: جەخت لەسەر ڕەهەندی سیاسی دەكاتەوە، كە پرۆسەسی پێكهێنانی دیمۆكراتییانەی ڕای گشتی و بەڕێوەبردن لە ڕێی هەڵبژاردنی گشتی و كاری پەرلەمانەوە پێكدێت. (ماڵپەری org.ahewar، (٢٠١٢)، ثلاثة نماذج معيارية للديمقراطية عند هابرماس)

دەكرێت بگوترێت نمونەی ئاڵوگۆڕی پشت بە سەلماندنی زمانەوانییانە و كارلێكی دیسكۆرسەكان دەبەستێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی چارەنوسی تاریكی مرۆڤایەتی، كە مەبەستی دامەزراندنی مانای هاوبەش، یان بانگەشەی ئاوێتەكردنی خودەكان، پتەوكردنی ڕێككەوتن و لێكتێگەیشتنە. (ماڵپەری سودارس، (٢٠١٤)، التداخلية التواصلية و منطق الخطاب عند يورغن هابرماس).

بەم شێوەیە تیۆریی (هابرماس) درێژكراوەی مەعریفی، سۆسیۆلۆجی، ئەنترۆپۆلۆجی و سیاسیی هەیە، كە ڕوانینی بۆ لێكتێگەیشتن و سیاسەتكردن دیدگەیەكی نوێ دەهێنێتە كایەوە، یان دەكرێت بە (ناوەرۆكی پێوەرییانەی سیاسەتكردن) ناوببرێت، بەوەی لێكتێگەیشتن لەناو ڕایەڵی پێوەندیی عەقڵانیدا پێوەندیی نێوان مەعریفە و دەستەڵات، مەعریفە و ئارەزو ڕێكدەخات، كە مەرجی پێكهێنانی هاوڕاییەكی ڕاستەقینەیە. تاك لەڕێی گفتوگۆوە دەتوانێت لەو كۆلۆنیالیزمە ناوەكی (الاستعمار الداخلي)یە دەربچێت، كە هۆیەكانی ڕاگەیاندنی نوێ سەپاندویانە. هەروەها سامان و دەستەڵات كار لە ڕاگرتنی لەنگەری سیستێم دەكەن، كە ڕاستییەكەی دۆخی دەستەڵات، یان دەستەڵات تەنیا لەڕێی هاوڕاییەوە دێتە كایەوە، كە بێ هیچ فشارێك پاڵپشتیی خۆیی لە كردەی پێوەندیكردنەوە بە دەست هێنابێت. پاشان دامودەستگا سیاسییەكان هەر لەڕێی ئەو هاوڕاییەوە دەردەكەون. واتە هەر ئەو هەلومەرجە پێوەندیگەرایەی تەبایی نێوان خودەكان ونببێت و هاوڕایی كۆتایی بێت، كاری سیاسییش ون دەبێت و هێز شوێنی دەستەڵات دەگرێتەوە. (افاية، الفلسفة السياسية والتواصل عند هابرماس. (ماڵپەریcom.mominoun ، (٢٠١٤)، الفلسفة السياسية والتواصل عند هابرماس).

دیارە جیاوازییەكی بنەڕەتی لەنێوان دەستەڵات و هێزدا هەیە، بەو مانایەی دەستەڵاتی ڕاستەقینە بەبێ ڕێككەوتن، تەبایی، كارلێكی ئازاد، بەڕێوەچونی سەربەخۆی كردار و كار لە ژێر ڕۆشنایی نمونەی پێوەری، نایەتە كایەوە. (ماڵپەریcom.mominoun ، (٢٠١٤)، الفلسفة السياسية والتواصل عند هابرماس).

### ٣-٤. ڕەهەندی ئەخلاقی:

هەر لەو كاتەی (هابرماس) هەوڵی دامەزراندنی تیۆریی پێوەندیكردن دەدات، چەمكی ئەخلاق (Ethics) دەردەكەوێت، بەوەی ئەو عەقڵانیەتی ئامێرگەرا بە عەقڵانیەتی پێوەندی دەگۆڕێت، كە لەو ڕێگەیەوە بواری كۆمەڵایەتی دەبێتە مەڵبەندی تیۆرییەكە و تێیدا پێوەندیی نێوان كەسەكان پێكدێت. گفتوگۆ، بەڵگەهێنانەوە، ڕێككەوتن، لێكتێگەیشتن، هاوڕایی، تەبایی، پەیمانبەستن و زۆری دیكە دێنە ناو ئەو پێوەندییەوە. لە كاتێكدا عەقڵی ئامێرگەرا لەلایەن بەرژەوەندیی كەس و گروپی دیاریكراوە ئاڕاستە دەكرێت، ئەوە عەقڵی پێوەندی لە پێناوی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

گشتیدا دێتە دی و لە کایەی کۆمەڵایەتییشدا هەڵدەسوڕێت، بۆیە عەقڵی پێوەندی توانای ئەوەی هەیە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەدا جێبهێڵێت و لە پارچەپارچەیی بیپارێزێت، بگرە هەمو پارچە دابڕاوەکانیش هەر لەڕێی گفتوگۆوە بهێنێتە ناو کایەی کۆمەڵایەتییەوە، کە لێرەدا خەسڵەتی پراکتیکیانەی تیۆریی پێوەندی دەردەکەوێت، بەوەی لە پاوانخوازی و دەستەڵاتداریێتی خاڵییە و بەشداران ئازادن لە دەربڕینی ویست و لە هەڵبژاردنیاندا، کە ئەوە نمونەی بەجێهێنانی دیمۆکراتیی تەگبیرسازییە و هەر لێرەیشدا چەمکی عەدالەتی کۆمەڵایەتی چاو هەڵدێنێت.

لای (هابرماس) ئەخلاق پایەی سەرەکیی پرۆسەسی پێوەندییە و هەر ئەویشە وا دەکات ئەو پرۆسەیە بەدروستی بەڕێوەبچێت. بە مانایەکی دیکە، پێویستە ئەو پرۆسەسە ڕاستێتی لە خۆیبگرێت و ئەوانەی تێیدا بەشدارن، ڕەچاوی بکەن. واتە خۆیان ئازادانە بچنە ناوی و هیچ فشارێکی دەرەکییان لەسەر نەبێت. (أفاية، ١٩٩٨، ص١٨٥). بونی پێوەندیی نێوان تاکەکان لەسەر بنەمای زماندا ئەوە دەسەپێنێت، چەمکی ئەخلاق لێکدانەوەی دیکەی بۆ بکرێت، بەوەی تاک لە چوارچێوەی پێوەری ئەخلاقەوە لەگەڵ ئەوانەی دیکەدا ئەو پێوەندییە دادەمەزرێنێت. واتە ئەو بەرپرسیارێتییە وا دەخوازێت تاک لە کاتی بەڕێوەبردنی وتوێژدا ڕەچاوی پێوەری دروستی، وردی، جوانی، ڕێکی و هیی دیکە بکات و بە شێوەیەک بۆچونەکانی بگەیەنێت، کە ئەوەی دیکە بە بایەخەوە وەریانبگرێت. بە مانایەکی دی، عەقڵ لە زمان جودانەکرێتەوە و پێوەندی بەشێوەی عەقڵانی بەڕێوەبچێت، کە ئەوە وا دەکات ئەو وتوێژە پێوەندیی بەواقیعەوە هەبێت و لە خورافە داببڕێت. وەک (ژاکلین ڕۆس) (١٩٢٤_ ١٩٩٩) دەڵێت: (زمان لای هابرماس کلیلی ئەخلاقە). (روس، ٢٠٠١، ص٧٧). زمان وا دەکات ڕێککەوتن، پەسەندکردن، پێوەندی ڕون و هەڵبژاردەی ڕون بۆ ئەوانەی بەشداری لە وتوێژدا دەکەن، بێنە ئاراوە. لێرەوە بیرۆکەی ڕێککەوتن خەسڵەتی تیۆریی ئەخلاقی و ئەخلاقیی تیۆری لەخۆیدەگرێت).(روس، ٢٠٠١، ص٧٥). بەم شێوەیە پێوەری گشتگیریی ئەخلاقی لای (هابرماس) لە ڕێی گفتوگۆی سەربەستانەی عەقڵانییەوە دێتە ئاراوە، تێیدا لە ئەنجامی سەرجەم پێوەرەکان دەکۆڵرێتەوە، ئاخۆ لە ڕێی قەناعەتپێکردنی عەقڵییەوە ڕەزامەندی بە دەستدەهێنن و پەسەند دەکرێن. ناوەرۆکی پێوەرەکانیش دەکەوێتە سەر بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵایەتییەوە. (المحمداوي، ٢٠١٥، ص١٨٤). کەواتە کردەی پێوەندی لەنێو تێگەیشتنێکی ئاڵوگۆڕییانە (تفاهم متبادل)دا ئامانجی تێگەیشتن و پەسەندکردنی نێوان هاوبەشەکانە. لێرەدا هاوبەشان بە شێوەی سەلماندن مامەڵەدەکەن، کە ئەو سەلماندنە وا دەخوازێت پێشتر بێلایەنی و بەرپرسیارێتی هەبن و گوتەکانیان پێویستە پەسەندکراوبن. بەم شێوەیە گفتوگۆی دروست، ئەوەیە، ڕەزامەندی لەخۆیبگرێت، نەوەک هەڕەشە. واتە پشت بە هێز دەبەستێت، بێ ئەوەی توندوتیژیی تێدا بێت. لێرەدا ئەویان کار لەوەی تریان دەکات و لێکتێگەیشتنی هاوبەش دێتە کایەوە. (روس، ٢٠٠١، ص٧٦).

ئەنترۆپۆلۆجیست و فەیلەسوفی فرانسی (پۆول ڕیکۆر) (١٩١٣-٢٠٠٥) دەڵێت ئەو بابەتەی لای (هابرماس) سەرەکییە، ئەوەیە، کە چۆن دەکرێت پرینسیپی گشتگیریی گەردونی (التعميم الكوني) بێتە دی، بەوەی ئەوەیان تاکە شتە بتوانێت لێکتێگەیشتنی هاوبەش بەهۆی سەلماندنەوە بهێنێتە کایەوە، کە هەر خۆی لەسەر عەقڵ دامەزراوە؟ (ريكور، ٢٠٠٥، ص٥٢٧).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

گفتوگۆ لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە وا دەکات ڕایەڵەکانی کۆمەڵایەتی بەیەکبگەنەوە و لێکتێگەیشتن ببێتە کارێکی گونجاو، کە هەر ئەوەیشە توانای هەیە بەگژ ئەو ئاڕاستە دۆگمایانەدا بچێتەوە، بانگەشەی ئەوە دەکەن خاوەنی حەقیقەتی ڕەها و تاکانەن. لێرەوە (ئەو بەهایانە وایان لێدێت لە سەرتاپێی جیهاندا بە چاک بزانرێن). (ریکور،٢٠٠٥، ص٥٤١). لەو پێوەندییەدا فیکری ڕەخنەیی خۆی دەسەپێنێت و دەبێتە کردار، بەو مانایەی هەمو ڕێککەوتنێک ئەنجامی گفتوگۆیە، کە لەو گفتوگۆیەدا لایەنەکان بەپێی پێویست دەست لە هەندێک شتی خۆیان هەڵدەگرن و هەندێک شتی ئەوانەی دیکە پەسەند دەکەن. (لێرەدا سروشتی ڕەوشتییانەی پێوەندی دەردەکەوێت، یان با بڵێین لێرەوە دەگەینە ناردنی ڕەوشتێکی دیاریکراوی پێوەندی، بەوەی پەیامەکانی پێوەندیی ئاڵوگۆڕ لەنێوان نێردراو و وەرگردا، پەیامی مەبەستدارە، ئەوە هێندەی لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن دێنێتە کایەوە، بەو ئەندازەیەیش ململانێ و دژایەتی دروست دەکات، کە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆ بەڵگەی ئەوەن). (هابرماس، ٢٠١٠، ص٨-٩).

## ئەنجامی توێژینەوە:

دەکرێت ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: عەقڵی پێوەندی، کە لەسەر ڕەخنە دامەزراوە و پشتی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان قایمە، توانای هەیە لە زماندا دەربکەوێت و لە ڕێگەی ئەو عەقڵانیەتەی هەر بەزگماک هەیەتی، خودەکان لە ئاستی یەکتردا بکاتەوە، تا بتوانن دایەلۆگ دابمەزرێنن و لەو ڕێیەوە هەوڵ بۆ لێکتێگەیشتن و تەبایی بدەن، کە بەم شێوەیە پێوەندیی کۆمەڵایەتی سیمای عەقڵانیەت بە خۆیەوە دەگرێت و لە ئاستێکی فراوانتری کۆمەڵایەتیدا خۆی دادەڕێژێتەوە. لەو ڕێیەوە کاریگەریی عەقڵی ئامێرگەرا لا دەچێت، کە عەقڵێکی سەرکوتکەر و داخراوە.

دوەم: (هابرماس) ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە چەکی ڕوبەڕوبونەوەی عەقڵی ئامێرگەرا دەزانێت، بەوەی ئەو ڕەخنەیە بەرهەمهێنەری عەقڵی پێوەندییە و خەسڵەتێکی دینامیکییانەی هەیە. ناگاتە ئاستی تەواوبون و هەمیشە لە کاردایە. واتە ڕوی لە ئاییندەیە و شانبەشانی ڕوداوەکانی کۆمەڵگە دەچێتە پێشەوە. پشت بە فەلسەفە دەبەستێت، کە فەلسەفە بە سروشتی خۆی ڕەخنەگرانە و تێپەڕێنەرە. عەقڵی پێوەندی بە پاڵپشتی ڕەخنە سەرجەم بابەتەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، تا لە هەمو ئاستەکاندا ڕوبەڕوی عەقڵی ئامێرگەرا ببێتەوە. لەبەر ئەوەیە تیۆریی پێوەندی تیۆریی کۆمەڵگەیە و وزەی خۆیشی لە مرۆڤ وەردەگرێت، کاتێ ئەو مرۆڤە توانای گفتار و کرداری هەیە و لە پرۆسەسی پێوەندیدا بەشداردەبێت.

سێیەم: (هابرماس) زمان دەکاتە بڕبڕەی پشتی تیۆرییە ڕەخنەییەکەی، چونکە ئەوەی پێوەندیی نێوان خودەکان دێنێتە کایەوە، زمانە و هەر زمانیشە تێگەیشتنیان هەم بۆ سەرەوە دەبات، هەم ڕێکیاندەخات و هەم لەیەکیشیان نزیکدەکاتەوە. بایەخی گەورەی (هابرماس) بۆ دەنگە، بەو مانایەی کاتێک وشەکان گۆدەکرێن، ئاستێکی دیکەیان دەردەکەوێت و پرۆسەسی لێکتێگەیشتن چاکتر بەڕێوەدەبەن. لە زمانی ڕۆژانەدا عەقڵانیەت خۆی حەشارداوە و لە کاتی دەربڕیندا دەردەکەوێت، بەوەی لەسەر قسەکەر پێویستە ڕون، ورد و جوان بۆ ئەوانەی دیکە بدوێت،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

تا وەڵامدانەوەی ئەوانیش لەو ئاستەدا بێت، کە لێرەدا پەیمانبەستن و ڕێککەوتن دێنەکایەوە. بەم شێوەیە کۆمەڵگەی کراوە بەرهەمی ئەو عەقڵانیەتەیە، کە لە ئەنجامی گفتوگۆی تاکەکانیەوە دادەمەزرێت.

چوارەم: (هابرماس) وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی لە سیاسەت دەڕوانێت و هەر لە چوارچێوەی تیۆرە ڕەخنەییەکەیشیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. سیاسەت دەباتە ناو زمانی ڕۆژانە، تا لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ئەو خەرمانەیەی لابچێت، کە ئاراستە ئایدیۆلۆجییەکان بۆیان دروستکردوە. واتە لەژێر چنگی عەقڵی ئامێرگەرای دەردەهێنێت و بە جەماوەری دەدات، بەو مەبەستەی بکرێتە بابەتی گفتوگۆ و ئازادانە قسەی لێوەبکرێت، بێ ئەوەی لە دەرەوە هیچ فشارێک بخرێتە سەر بەشدارانی گفتوگۆ. ئەو پرۆسەیە بە سروشتی خۆی ڕوی لە دیمۆکراتییە، کە (هابرماس) ناوی دیمۆکراتیی تەگبیرسازیی لێدەنێت، تا لە شێوازی باوی دیمۆکراتی جودای بکاتەوە. ئەوە ڕێگەی ڕووبەڕووبونەوەی دەستەڵاتخوازییە لە کایەی حوکمڕانیدا، کە عەقڵی ئامێرگەرا دەستی بەسەردا گرتوە.

پێنجەم: سەرجەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای ئەخلاق دادەمەزرێن، بۆیە تیۆری پێوەندی دەیەوێت ئەو ئەخلاقە بەرەو عەقڵانیەت ئاراستە بکات، بەو مانایەی هەر کاتێ زمانی تاکەکان لە ژێر دەستەڵاتی ئایدیۆلۆجیاکان دەردەهێنرێت و لە کایەی کۆمەڵایەتیدا ئازادیی پێدەدرێت، توانای ئەوەیان دەبێت تەعبیر لە خواستیان بکەن، ئەوە هەڵبژێرن، کە بۆ ژیانیان گونجاوە و خۆیشیان بڕیار لە چارەنوسی خۆیان بدەن. ئەوەیش تەنیا لەڕێی گفتوگۆی عەقڵانییەوە جێبەجێ دەبێت، بەوەی ئەو گفتوگۆیە هاوڕایی و لێکتێگەیشتن بەرهەم دەهێنێت، بە مەرجێ ئەو پرۆسەیە هیچ فشارێکی نەخرێتە سەر. ئەوان بە کردەوە ڕاستێتیی بڕیاری خۆیان دەبینن، کە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێز لە یاسا بگرن، مادام خۆیان لە ڕێگەی گفتوگۆوە دایانڕشتوە و هەر لە ڕێی گفتوگۆیشەوە دەتوانن بیگۆڕن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

# The Communicative Action of Habermas

(An Analytical Sosico-Antropological Study)

**Nadia Omer Kakasur**[1]

[1]Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Jürgen Habermas wants to establish the theory of communicative action, in a time where society is under influence of Instrumental mind. In other terms the authoritarian mind of the authoritarian through and capitalists in markets controlling companies, state authorities and the society.

Habermas intends to visualize the theory of Communicative action. The theory of a social criticism that based on Anthropology, linguistics, ethics, politics, social principles, philosophy and other principles, in order to point out the characteristics of intellectuals socio-institutionally, that consist of restriction and limit the human and nature, treating it as means.

This theory is to serve a critical-social analyses and to hold characteristics of intellectuals socio-institutionally, to have the ability breaking through the intellectuals socio-institutionally, that being for ages in the western intellectuals, aiming not only the individuals open up to each other, but to reach the level of fruitful understanding, to establish a intellectuals status and only by this is able to integrate the scattered parts of society, which the communicative is a social act and aiming toward (Social integration).

Therefore, to give a broader sense of this theory, our study presented in the following section: The Theory of Communicative Action, The role of Discourse Theory, Habermas's Cosmopolitanism, Habermas's Discourse Theory.

**Keywords:** Communicative, The Language, Rationality.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18**

## سەرچاوەکان:

الان ت ( ١٩٩٧)، نقد الحداثة، ترجمة: أنور مغيث، مجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.

أبو السعود ع (٢٠٠٢)، الحصاد الفلسفي للقرن العشرين، منشأة المعارف جلال حزي وشركاه، الاسكندرية.

احمد ع (٢٠١٠- ٢٠١١)، تجديد العقل الانواري عند يورغن هابرماس، قراءة نقدية الايدولوجيا اللبرالية المعاصرة، تحت اشراف: د. محمدي رياحي رشيدة، كلية علوم الاجتماعية، جامعة وهران، السنة الجامعية.

ايان ك (١٩٩٩)، النظرية الاجتماعية من بارسونز الي هابرماس، ترجمة: د. محمد حسين غلوم، مراجعة: د. محمد عصفور، عالم المعرفة، عدد٢٤٤، الكويت.

أفاية م ( ١٩٩٨)، الحداثة والتواصل في الفلسفة المعاصرة، إفريقيا الشرق، بيروت، الطبعة الثانية.

الزيباري ط ( ٢٠١٦)، النظرية السوسيولوجية المعاصرة، دار البيروتي للنشر والتوزيع،عمان -الأردن.

٧- بارث وآخرون ف، (٢٠١٧)، الأنثروبولوجيا حقل علمي واحد وأربع مذاهب، ترجمة: أبو بكر أحمد باقادار وايمان الوكيلي، مراجعة: ساري حنفي، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت.

توم ب ( ٢٠٠٤)، مدرسة فرانكفورت، ترجمة: سعد هجرس، مراجعة: د. محمد حافظ دياب،الطبعة الثانية، دار اويا للطباعة والنشر والتوزيع، بنغازي_ ليبيا.

جاكسون واخرون ( ٢٠٠٧) التواصل: نظريات ومقاربات، ترجمة: عز الدين الخطابي، زهور حوتي، منشورات عالم التربية، الدار البيضاء، المغرب.

جمال خ (٢٠١٦-٢٠١٧)، اشكالية الحداثة والفعل الفلسفي في الفكر الغربي المعاصر، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة وهران، كلية العلوم الاجتماعية قسم الفلسفة، الموسم الجامعي .

فينليسون ج ( ٢٠١٥)، يورجن هابرماس، مقدمة قصيرة جدا، ترجمة: أحمد محمد الروبي، مراجعة: ضياء وراد، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة.

حمدى أ ( ٢٠١٢)، يورجين هابرماس، الاخلاق والتواصل، المكتبة الفلسفية/ اشراف الدكتور احمد عبدا الحليم عطية، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت_ لبنان.

ريكور ب(٢٠٠٩)، الذات عينها كآخر، ترجمة:جورج زيناتي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، لبنان.

روس ج (٢٠٠١)، الفكر الاخلاقي المعاصر، ترجمة وتعليق: الدكتور عادل العوا، عويدات للنشر والطباعة، بيروت_ لبنان.

سليم ا ( ٢٠٠٨-٢٠٠٩)، فلسفة التداولات الصورية واخلاقيات النقاش عند يورغن هابرماس، إشراف: الدكتور لخضير مذبوح، جامعة منتوري، الجزائر، السنة الجامعية .

المحمداوي ع ( ٢٠١٥)، الاشكالية السياسة للحداثة، من فلسفة الذات الى فلسفة التواصل، منشورات ضفاف، كلمة للنشر والتوزيع.

هابرماس ى ( ٢٠٠٣)، العلم والتقنية كايدولوجيا، ترجمة: حسن صقر، منشورات الجمل، كولونيا.

هابرماس ى ( ١٩٩٥)، الفلسفة الالمانية والتصوف اليهودي، ترجمة: نظير جاهل، المركز الثقافي العربي، بيروت.

هابرماس ى ( ٢٠١٠)، اتيقا المناقشة ومسألة الحقيقة، ترجمة وتقديم: عمر مهيبل، منشورات الاختلاف، الجزائر.

هابرماس ى (٢٠٠١)، المعرفة والمصلحة، ترجمة: حسن صقر، منشورات الجمل، كولونيا.

هابرماس ى ( ١٩٩٥)، القول الفلسفي للحداثة، ترجمة: فاطمة الجويشي، وزارة الثقافة، دمشق.

أفاية م، (٢٠١٧)، الفلسفة السياسية والتواصل عند هابرماس، سەرچاوەی ئینتەرنێت لینک:

مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والأبحاث - الفلسفة السياسية والتواصل عند هابرماس(mominoun.com) .

الحيدري أ، (٢٠٠٩)، نظرية هابرماس النقدية وتحرير الإنسان، سەرچاوەی ئینتەرنێت لینک:

نظرية (هابرماس) النقدية وتحرير الإنسان(wordpress.com) | .

البكاي م، (٢٠١٤)، التداخلية التواصلية و منطق الخطاب، سەرچاوەی ئینتەرنێت لینک:

سودارس : التداولية التواصلية و منطق الخطاب عند يورغن هابرماس .. أ. محمد البكاي(sudaress.com) .

الخويلدي ز، (٢٠١٢)، ثلاثة نماذج معيارية للديمقراطية، سەرچاوەی ئینتەرنێت لینک:

زهير الخويلدي - ثلاثة نماذج معيارية للديمقراطية عند هابرماس(ahewar.org) .

يفوت س، (٢٠١٥)، هابرماس ومسألة التقنية، سەرچاوەی ئینتەرنێت لینک:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18

هابرماس ومسألة التقنية - سالم يفوت - مدارات ثقافية(madaratthakafia.com).

يفوت س، (٢٠١٥)، فلسفة التواصل عند هابرماس، سەرچاوەی ئینتەرنێت لینک:

فلسفة التواصل عند هابرماس الدكتور سالم يفوت | الحداثة وما بعد بعد الحداثة Modernité Et Le Post-Postmodernisme (post2modernisme.blogspot.com)

ميرغني ع، (٢٠١٧)، الفلسفة والسياسة عند يورغن هابرماس جدل الحداثة والمشروعية والتواصل في فضاء الديمقراطية، سەرچاوەی ئینتەرنێت لینک:

الفلسفة والسياسة عند يورغن هابرماس جدل الحداثة والمشروعية والتواصل في فضاء الديمقراطية/ عبد الحق ميرغني (المغرب) - موقع الجسرة الثقافي (aljasrah.net).

منصور أ، مابعد الحداثة بين ليختار و هابرماس، سەرچاوەی ئینتەرنێت لینک:

ما بعد الحداثة بين ليوتار وهابرماس |الحداثة وما بعد بعد الحداثة Modernité Et Le Post-Postmodernisme (post2modernisme.blogspot.com).

کاکەسوور ن، (٢٠٢٠)، پێوەندیی مۆدێرنیتە بە ئاراستەکانی گەشەکردنی کۆمەڵناسییەوە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper18